بەهرۆز گەلاڵی

# دیپلۆمات
# و
# دیپلۆماسی

د. ئەرسەلان بایز و فەرید ئەسەسەرد
پێشەکییان بۆ نووسیوە

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی – ٢٠١٢

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**ئامادەكردنی: بەهرۆز گەلاڵی**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان (١٧٣٠)**

**ساڵی ٢٠١٢**

**دیزاینو بەرگ: ئاراز نوری**

**تیراژ: ( ٢٠٠٠ ) دانە**

**ژ. زنجیرە: ( ٤٧٠ )**

**بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

**سلێمانی ـ ٢٠١٢**

**سەرپەرشتیاری زنجیرەی كتێب**

**عوسمان حەمەڕەشید گورون**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# پێڕست

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بابەتی یەکەم: دیپلۆمات و دیپلۆماسی | ١٣ |
| بەشی یەکەم: دیپلۆماسی | ١٣ |
| بەشی دووەم: پرۆتۆکۆل- ئەتیکێت- موجامەلە | ١٩ |
| بەشی سێیەم: پێشکەوتنی دیپلۆماسی لەڕووی بابەتییەوە | ٣١ |
| بەشی چوارەم: کەسایەتی دیپلۆماتی سەرکەوتوو | ٤٥ |
| بەشی پێنجەم: دیپلۆماسی و ئیدارەکردنی موفاوەزات | ٥٩ |
| بەشی شەشەم: ئەرکی دیپلۆماتی لاو لەسەفارەتدا | ٦٢ |
| بەشی حەوتەم: چۆن دیپلۆماتی گەنج دەستنیشانی... | ٦٨ |
| بەشی هەشتەم: مەراسیمی نێردراوە دیپلۆماسییەکان... | ٧٣ |
| بەشی نۆیەم: کارەکانی نێردراوە دیپلۆماسییەکان... | ٧٩ |
| بەشی دەیەم: مەراسیمی دامەزراندنی نوێنەری دیپلۆماسی | ٨٦ |
| بەشی یانزەیەم: سەرەتای کارکردنی نوێنەری دیپلۆماسی... | ٩٤ |
| بەشی دوانزەیەم: ئەندامانی نێردراوی دیپلۆماسی | ١٠٢ |
| بەشی سیانزەیەم:کۆتایی پێهێنان یان کۆتاییهاتنی کارەکانی... | ١٠٦ |
| بابەتی دووەم: دیپلۆماسیی کوردی | ١١٢ |
| بابەتی سێیەم: ژیاننامەی نووسەر | ١٣٨ |
| بابەتی چوارەم: دۆکیومێنت و وێنە | ١٥٦ |

## ئەم کتێبە پێشکەشە:

بەگیانی پاکی شەهیدانی یەکی شوباتی شاری هەولێری دێرین.

کاکە خەسرۆ شێرەی خۆشەویست، کاکە شاخەوان عەباسی نەمر، کاکە بەهرۆز قەشقەی لەیادنەچوو، کاکە دێدەوانی جوانەمەرگو هەڤاڵەکانیان.

مامۆستا سەعد عەبدوڵلا، هەڤاڵی دێرینمو هەڤاڵەکانی.

روحتان شادبێتو یادتان بەخێر، تیرۆریستانیش ریسواو رووڕەش.

هەروەك پێشکەشە:

بەمنداڵە شیرینو خۆشەویستەکانم

ئاسمانو ئەستێرەو پێرو.

## پێشەکیی چاپی دووەم

هەشت ساڵ لەمەوبەر، کاتێك چاپی یەکەمی ئەم کتێبە دەرچوو، بەقەد ئێستا پێویستمان بەم کتێبە نەبوو ئێستا لەسۆنگەی پەرەسەندنی پەیوەندییە سیاسیی‌و ئابوورییەکانمانەوە، زۆر پێویستمان پێیەتی. بۆیە، بڕیاری لەچاپدانەوەی لەجێی خۆیدایە.

ئەم کتێبە دەروازەیەکە بۆ ناو جیهانی دپلۆماسیەت‌و دەشێ هەموو نوێنەرە دیپلۆماتەکانمان‌و هەموو هەڵسووڕاوانی دەزگاکانی پەیوەندییەکانی دەرەوە سودی لێ وەرگرن.

بایەخی ئەم کتێبە تەنها لەوەدا نیە کەپشت ئەستورە بەچەردەیەك سەرچاوەی گرنگ، بەڵکو هەروەها لەوە دایە کەزادەی ئەزمونێکی دیپلۆماسیی دەوڵەمەندە. نوسەر، بەهرۆز گەلاڵی، لەساڵی ١٩٨٢ وە سەرقاڵی کاری دیپلۆماسییەو ئەو ماوە دورو درێژەی کاری دیپلۆماسی، گەنجینەیەکی گرنگی شارەزایی‌و پسپۆریی لەجیهانی دیپلۆماسیەت بۆ دەستەبەر کردووە. گەلاڵی ژیانی دیپلۆماسیی خۆی لەساڵی ١٩٨٢ وەك نوێنەری حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەنەمسا دەست پێکردو

ساڵی ١٩٩٣، دوا بـەدوای یەکگرتنـەوەی حزبـی سۆسیالیـست لـەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لـەمەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی کاری کرد. بـەڵام گـرنگترین وێـستگەی ژیـانی دیپلۆماسیی گەلاڵی، لـەساڵی ١٩٩٨ دەست پێدەکا، کاتێك بووە لێپرسـراوی ئۆفیـسی یـەکێتی لـەئێرانو بەدرێـژایی سـێ سـاڵ کارکردن وەك نوێنەری یەکێتیی لـەتاران، پەیوەندییەکانی یـەکێتیو ئێران گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینـی، بەتایبـەتی لـەو رووەوە کەگەلاڵی دەیویـست ئاسـتی پەیوەندییـەکان بـۆ خـوارەوە شـۆڕ بکاتەوە بەچەشنێك کەپەیوەندییەکە نەك هـەر بـواری سیاسـەتو بازرگانی بگرێتەوە، بەڵکو بواری هونەرو وەرزشیش بگرێتەوە.

ساڵی ٢٠٠١ گەلاڵی بۆ ئەنکـەرە گوێزرایـەوەو لـەوێ دووەم وێـستگەی گرنگـی ژیـانی دیپلۆماسـیی خـۆی دەسـت پێکـرد کەپێدەچێ لـەهەمو ئەزمونەکانی پێشوو دەوڵەمەندتر بوو بـێ. ئـەم کتێبەش لـەدەرەوەی کاریگەریی ئەم وێستگەیە نیە.

لـەم کتێبـەدا گـەلاڵی تیۆرییـەکی تـازە دەربـارەی دیپلۆماسـی پێشکەش ناکا بەڵام رێگایەك لـەبەردەم خوێنەردا دەکاتەوە کەدەمو دەســت دەیباتــە نــاو جیهــانی پــڕ پرۆتۆکــۆڵو رێو رەسمــی

دیپلۆماسیەت. ئەگەرچی بەشێکی زۆری کتێبەکە بۆ نمایش کردنی ڕێساکانی ئەتیکیتو پرۆتۆکۆلە دیپلۆماسییەکان تەرخان کراوە، بەلاَم لەو سۆنگەیەوە کەگەلاَلی باش پەی بەوە دەبا کەدیپلۆماسیەت تەنها ئەتیکیتو پرۆتۆکۆلو ڕێو ڕەسم نیە، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا، هەڵسوڕانو پراتیكو تاکتیكو دایەلۆگو فشارو مانۆریشە، بۆیە بەشێکی کتێبەکەی بۆ گێڕانەوەی ڕەوتی دیپلۆماسیەتی کوردی کە لەمێژوی سیاسیماندا زۆرتر بەشێوەی وتوویژ ڕەنگی داوەتەوە، تەرخان دەکاو دەشیتوانی زۆرتر لەسەر ئەم بوارە بدوێو خوێندوەیەکی تێرو تەسەلتری بۆ بکا.

چاپ کردنەوەی ئەم کتێبە پاش هەشت ساڵ لەدەرچونی چاپی یەکەمی، یەك مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کەبابەتی ئەم کتێبە بەزیندویی ماوەتەوەو ڕۆشنبیرانمان هێشتا پێویستیان بەخوێندنەوەی ئەم بابەتەیەو هێشتا دەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن.

لێرە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کەسەرقاڵبونم بەنوسینی ئەم پێشەکییە، هانی دام بچمە سەر کتێبەکەو وردتر بیخوێنمەوە، ئەم خوێندنەوەیە، بۆ من، هەم سودبەخش بوو، هەم

چـێژێکی زۆرتـری پـێ بەخـشیم. دڵنیـام هـەر کەسـێکی تـر بیخوێنیتەوە، هەمان ئەو هەستەی منی لەلا دروست دەبێ.

**فەرید ئەسەسەرد**

٢٠١٢/٨/٢١

## پێشەکی چاپی یەکەم

کەلێنێکی گەورە لەکتێبخانەی کوردیدا هەیە لەمەڕ پەیوەندییەکانی دەرەوەو کاری دیپلۆماسیدا، هۆکارە سەرەکییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەمێژووی نزیکی گەلی کورددا دەوڵەتێکی میللیی نەبووە لەکوردستاندا تاکو ئەزموونو پسپۆڕییەکی لەو بوارەدا هەبێت، راستە حیزبە کوردییەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا تاکوتەرا نوێنەریان لەهەندێ وڵاتدا هەبووە، بەڵام رەسمیی نەبووە، چونکە بەرژەوەندیی سیاسییو ئابووریی گەورترین کۆسپ بووە لەڕێگەی ئەو نوێنەرایەتییەدا.

راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەروەکو وەرچەرخانێکی مێژووییو کاریگەربوو لەبواری سیاسییو ئابووریو رووناکبیرییەوە، بەهەمانشێوەش وەرچەرخان بوو لەبواری پەیوەندییەکانی دەرەوەو کاری دیبلۆماسییەوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانو پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو سیاسەتی ئەمری واقیعی لەناوچەکەدا هێنایە پێشەوە، هەرێمی کوردستان شوێنێکی ستراتیجی هەیە لەبواری

سیاسـییو ئـابوورییو پەیوەنـدیی دەوڵـەتانی ناوچـەکە، بگـرە کوردسـتان لـەو بوحرانـەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا پێگەیـەکی گرنگـی هەیـە، بۆیـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان سـەرباری نوێنەری حیزبەکان نوێنەری خـۆی لەهەنـدێ وڵاتـانی دەروبـەرو جیهاندا هەیە، راستە ئەو نوێنەرانە بەپلـەی سـەفیرو بەشـێوەیەکی رەسمیی نـەبوون، بـەڵام لەمەیـدانی پراکتیکـەوە دەوری بەرچـاوو کاریگـەریان هـەبووە، ئـەو نوێنەرانـە پـردی پەیوەنـدیی نێـوان حکومەتی هەرێمو ئەو دەوڵەتانەبوون، ئینجا هەر وەفـدێك بهاتایـە کوردستان لەرێگەی نوێنـەرەکانی حکومـەتی هـەرێم کاریـان بـۆ دەکرا، وەزارەتی دەرەوەی ئـەو وڵاتانـەش پەیوەندییـەکی باشـیان لەگـەڵ ئـەو نوێنەرانـەدا هـەبوو، کەناڵـەکانی راگەیانـدنیش لەدروستبوونی هەر گرفتێـك لـەبارەی کوردسـتانەوە پەیوەنـدییان بەو نوێنەرانەوە دەکرد، بۆیە دەکرێ بڵێین کـاری پەیوەندییـەکانی دەرەوە لەسەر ئاستێکی باڵای نیمچە رەسمیـی لـەدوای راپەڕینـەوە دەستپێدەکات.

هەر لەم روانگەیەشـەوە ئـەم کتێبـەی کـاك بـەهرۆز گـەلاڵی هەنگاوی یەکەمە لەو مەیدانەدا، شیاوی باسە هـەر نووسـینێکیش

ئەگەر ئەزموونی سەرچاوەی پێش خۆی نەبێت ناتوانێ لەبواری کاری مەیدانیی زیاتر سنوور ببەزێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کتێبە هەوڵێکی جددییە بۆ پڕکردنەوەی بەشێك لەو کەلێنە لەکتێبخانەی کوردیدا.

کتێبەکە کە لەدووتوێی دوو بابەت دایە.. بابەتی یەکەم (١٣) بەشە، سەرەتا پێناسەیەکی (دیپلۆمات) دەکات، نووسەر وا باس لەدیپلۆمات دەکات کە (هونەرە بۆ وەدەستهێنانی ئەوەی کە مومکینەو ئیمکان دەبێت لەجیاتی چاوەڕوانکردنی شتی موستەحیلو ئەوەی کە جارێ زۆر زەحمەتە دەستبکەوێت)، ئینجا باس لەشەخسیەتی دیپۆماسی دەکات کە چ کەسێك دەتوانێ ئەو کارە بکاتو ئەبێ چۆن کاربکات، هەر لەو بوارەدا باس لەمێژووی دیپلۆمات دەکات لەسەردەمەکانی یۆنانیو رۆمانیو ئیسلامەوە، تاکو دەگاتە سەردەمی نوێ، نووسەر باس لەجۆرەکانی دیپلۆمات دەکات.. بابەتی دووەمیش لەسەر ژیاننامەی نووسەرو چەند شتێکی ترە.

من بۆ خۆم لەبواری دیپلۆماتدا هیچ ئەزموونو هەروەکو باسیشم کرد گەلی کورد مێژوویەکی وای نییە، بەلام هێندەی

ئاگادارم کاك بەهرۆز باشترین کادیری ئەو مەیدانەیـە چ لــەڕووی تــەعبیرکردنی سیاســەتی (ی.ن.ك)و پەیوەنــدیی لەگــەڵ ئــەو حکومەتانەی کە نوێنەری حیزبەکـەی بـووە، چ لــەبواری کـاری خزمــەتگوازاریی بــۆ راپەڕانــدنی ئەرکــەکان، بێگومــان ئــەوەش سەرەنجامی درککردنە بەو کارە. شیاوی باسە سەرکەوتنی نووسەر لەمەیـدانی پراکتیکـدا لــەم کتێبەیـدا رەنگیداوەتـەوە، بۆیـە مـن دەستخۆشیی لێدەکەمو هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم.

**ئەرسەلان بایز**

**٢٠٠٤/٣/٢٩**

# بابەتی یەکەم: دیپلۆماتو دیپلۆماسی

## بەشی یەکەم: دیپلۆماسی

دیپلۆماسی وشەیەکی یۆنانییەو وەرگیراوە لە(Diploma) واتە (بڕوانامە)و یان (الوثیقة).

دیپلۆماسی زانستوهونەری ئیدارەکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەنێوان وڵاتان بەجۆرەها هۆ وەسیلەی ئاشتیخوازانە، هەروەها هەڵسوکەوتکردنو گفتوگۆکردنیشە لەگەڵ خەڵکانی تر، دیپلۆماسی بنەماو ڕێساو ئەساسیاتی تایبەتی خۆی هەیەو بەبەردەوامیش بەپێی گۆڕانی کۆمەلگەو پێویستییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەشەکردندایەو بەرەو پێشەوەش هەنگاودەنێت.

## دیپلۆمات یان دیپلۆماسی:

دیپلۆمـاتی سـەرکەوتوو ئـەو کەسـەیە کـە دەبـێ بەیـەکێ لەزمانـە بێگانـەکان بەشـێوەیەکی زۆر پـاراو هـەم قـسە بکـات هـەمیش بنووسـێتو بخوێنێتـەوە لەبەرانبـەر هـەر بابـەتێکی ناخۆشیـشدا کـە دێتـە پێـشەوە پێویـستە رەد فعلـی هێمنانـەو هێورو لەسـەرەخۆ وەربگرێـت، دەبـێ کەسـایەتییەکی کارامـەو لێهاتووبێتو رۆشنبیرێکی دووربینـیش بێـت، بەشـێوەیەك کـە لەسەر هەموو بابەتێك شارەزاییەکی هەبێت یـان لایـەنی کـەم خاوەنی زانیاریی گشتی بێت، لـەکاتی قـسەو گفتوگۆکردنیـشدا رسـتەی جـوانو بەکـەڵك بـەکاربهێنیو وشـەی گونجـاویش ئیختیاربکـات، ئاگاشـی لـەخۆی بێـت کـە باسـی چـیدەکاتو چیدەڵێت، هەروەها پێویستە حیساباتی خـۆی بـەوردی بکات، پـێش هـەر کۆبوونەوەیـەکیش پێـشترخۆی لـەڕووی فکرییـەوە بـۆ قـسەکردن ئامادەکردبێـتو دەربڕینەکانیـشی گونجـاوو لەشوێنی خۆیاندابن، لەگەڵ پابەنـدبوونی بەتـەواوی بنەچـەو رێـساکانو بنـەماکانی دیپلۆماسـیو هونـەری پرۆتۆکـۆلاتو ئەتیکێت.

دیپلۆماتێکی ئینگلیزی دەڵێت:

**A diplomat is a person who can tell you to go to hell in such a way that you actually look forward to the trip.**

دیپلۆمات ئەو کەسەیە کە دەتوانێ بەشێوەیەك پێتبڵێ برۆ بۆ جەهەنەم بەجۆرێك کە ئەوەندە بەخۆشییەوە بڕۆیتو وا بزانیت کە بەڕاستی دەچیت بۆ سەفەرلەژیانی دیپلۆماسیشدا جۆرەها کێشەو گیروگرفت دێنە پێشەوە، بەتایبەتی ئەو کێشانە لەکاتی کارکردندا زیاتر تووشی کەسایەتی دیپلۆماسی دەبن، کە لەئەنجامی هەڵسوڕاندنی کاروباری رۆژانەدا پەیدا دەبنو دەبنە کێشەو گیروگرفتی ناخۆش، لەناو ئەو کێشانەشدا ئێشو ئازاری خێزانیو دوورە وڵاتی خێزانەکانیان، هەروەها دوورخستنەوەی هەندێ لەکارمەندانی سەفارەت بەتایبەتی لەکاتی هەستکردنو بەدیکردنی ئەوەی کە کارەکانی خۆیان بەباشی ئەنجام نەداوە، لەگەڵ جۆرەها کێشەو ئێشو ئازاری تریش کە کەسایەتی دیپلۆماسیی یان دیپلۆماتەکە لەژیانی رۆژانەدا تووشیان دەبێت.

دیپلۆمـاتو دیپلۆماسـی دوو وشـەن کـە لـەژیانی سیاسـیو دیپلۆماسـیدا زۆر مانـای گـرنگو قـوڵی خۆیـان هەیـە، هـەموو کاتێـك لەکێـشەی نێـوان دەوڵـەتانو نـاکۆکیی نێـوان میللـەتان ئەو دوو وشەیە بە بەردەوامی بـەکاردەهێنرێن، دیپلۆماتـەکان لەجیاتی پەنابردنـە بـەر شـەڕو پێکـدادان ئـەو رێگـا مۆدێرنـە دەگرنەبـــەر بـــۆ چارەســـەرکردنی تـــەواوی ئـــەو کێـــشەو گیروگرفتانەی کە دێنە پێشەوە.

واتە دیپلۆماسی بریتییە لەهونەری تـەوفیقکردن لـەنێوانی بەرژەوەندییـە دژ بەیەکـەکان واتـا رۆڵو دەوری دیپلۆماسـی لەچارەسـەرکردنی کێـشەی نێـوان دەوڵـەتان بەپلـەی یەکـەم دێتەپێـــشەوە، بـــەڵام کاتـــێ هـــەنگاوی کەســـایەتییە دیپلۆماســـییەکان لەچارەســـەرکردنی کێـــشەکان بـــەرێگای دیپلۆماسـی سـەری نـەگرت ئـەوا ئەوکاتـە پـەنا دەبرێتـە بـەر شـەڕو پێکـدادان لـەدژی یـەکتریی، ئەمەشـیان رێگایـەکی زۆر خراپـە لـەدژی مرۆڤایـەتیو کۆمەڵگـەی مـەدەنیی کـە رەنگـە کوشتنو بڕینی زۆری لێبکەوێتەوە.

هەنـدێجاریش بـەهۆی هەڵوێـستی دەولـیو نێونەتـەوەیی دەبیـنین شـەڕ لـەنێوان دوو وڵاتـدا رادەگیرێـت بـەهۆی ئەنجوومـەنی ئاسـایش یـان تـەداخولکردنی وڵاتـانی تـر کـە ئەمەشـیان رێگایـەکی تـری دیپلۆماسـیە بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشەکان، دیـارە بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشەو ململانـێ سیاسـییەکان رێگـای چارەسـەری دیپلۆماسـی، عـامیلێکی بنەڕەتیو هەرە ئەساسییە، بەتایبەتی لەنێوان ئـەو وڵاتانـەی کە کێشەی سنووریان لەگەڵ یەکتریدا هەیە.

مرۆڤـی سیاسـی ئامانجـە نەتەوەییـەکانی خـۆی دەسنیشاندەکاتو دیاریدەکات، لەسەر کەسایەتی دیپلۆماتیش پێویـستە هـەموو توانـاو هونـەری دیپلۆماسـیو تەجروبـەی تـەواوی خـۆی بـەکاربهێنێ بـۆ بەدەسـتهێنانی بەشـێك لـەو ئامانجانـەی کـە دەستنیـشانو دیـاریکراون، واتـە (دیپلۆماسـی هونەرە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە مومکینەو ئیمکان دەبێت لەجیاتی چاوەڕوانکردنی شتی موستەحیلو ئەوەی کـە جارێ زۆر زەحمەتە دەستت بکەوێت).

لەو نووسینانەمدا هەوڵدەدەم چەند زانیاریی‌و سەرنجێك لەسەر دەورو رۆڵی دیپلۆماسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ پێشکەوتنی دیپلۆماسی لەرووی مێژوویی‌و بابەتی‌و جۆرو سەردەمەکانی بخەینەروو، هەروەها مەراسیمی تایبەتی نێردراوە دیپلۆماتەکان‌و گرنگی ئەو نێردراوە دیپلۆماتانەش لەگەڵ چۆنییەتی کارکردن لەسەفارەتەکان‌و هۆکانی سەرکەوتنیان لەئەرکەکانیان، دیارە حەسانەی دیپلۆماسی‌و ئیمتیازاتی دیپلۆماتەکان لەگەڵ راگەیاندنی هەندێ لەراهێنان‌و ممارەساتی عەمەلی بۆ بەئەنجامگەیاندنی کاری دیپلۆماسی کە ئەوانەش شتی گرنگی ترن بۆ سەرکەوتنی دیپلۆماسی.

# بەشی دووەم:

## پرۆتۆکۆل- ئەتیکێت- موجامەلە

لەپێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە دیپلۆماسی زانستو هونەری ئیدارەدانە یان ئیدارەکردنە، ئەویش بەڕێگایەکی ئاشیخوازانە لەڕێگای گفتووگۆکردن، لەکۆنەوەش گوتراوە ئەگەر دیپلۆماسی بێدەنگ بوو تۆپەکان قسەدەکەن، هەروەها شەڕکردن تەواوکەری دیپلۆماسیە بەجۆرێکی تر، دیپلۆماسی جیاوازیی هەیە لەگەڵ پرۆتۆکۆڵو ئەتیکێتو موجامەلە لەگەڵ ئەوەش کە دەگوترێت بۆ نموونە فلانە کەس زۆر دیپلۆماسییانە دەجولێتەوەو هەنگاو دەهاوێت، لێرەدا ئەوە بەمانای هێمنیو ڕەوشت بەرزییەوە دێت.

**پرۆتۆکۆل:**

پرۆتۆکۆلیش ئەو سنوورەیە کە کەسایەتی دیپلۆمات یان دیپلۆماسی لەچوارچێوەکەیدا بەشێوەیەکی رەسمی دەجولێتەوە.

**ئەتیکێت:**

ئەتیکێتیش ئەو جۆرە جولانەوەو رەوشتەیە کە لەکەسایەتی دیپلۆماتەکە یان دیپلۆماسییەکەدا دەردەچێت، لەڕووی عەمەلیشەوە بەدیقەتەوە هەڵس‌و کەوت‌و خۆی پیشاندەدات.

**موجامەلە:**

موجامەلە هیچ جۆرە شێوەو دەستوور یان قاعیدەیەکی نییە بەڵکو هەستێکەو بەگوێرەی ئەو هەستەوە کەسایەتی دیپلۆماتەکە یان دیپلۆماسییەکە دەجولێتەوەو هەوڵدەدا خۆی بخاتە دڵی ئەو کەسەی کە لەبەرانبەریەتی.

لەکۆنەوە لەسەر زمانی معاویە بن ئەبی سفیان لەسەر دیپلۆماسی گوتراوە کە (ئەگەر لەبەینی من‌و کەسێك یەك

تەڵە پـرچ مابـێ ئـەوا ئـەم تەڵـە پرچـە نابـێ بپـچڕێتو کـەی شلیکرد من توندی دەکەم، کەی توندی کرد من شلیدەکەم).

ئێستا دیپلۆماسی بۆتە بەشێکی گرنگ لەزانستو لەکۆلیجو دانشگاکانیشدا دەخوێندرێت، چونکە ئـەو کەسـەی کـە دەبێتـە دیپلۆمـات یـان دیپلۆماسـی دەبـێ ئاگـاداری بوارەکـانی یاسـای زانــستیو ئــابوورییو نەفــسیو مێــژووییو جوگرافیابێــت، دیپلۆمــات ئەساســیاتی سیاســەتی دەرەوەی وڵاتــان دانانێــت، بـەڵکو ئـەو تـەنها جێبـەجێیان دەکـات واتـا دەوڵـەت نەخـشەو پلانــی سیاســی دادەنێــت، بــەڵام کەســایەتی دیپلۆمــات یــان دیپلۆماسییەکە ئەو نەخشەو پلانەی کە دەوڵەت دایناوە دێـت بــەڕێکوپێکی لــەڕێگای (نامــە، چــاوپێکەوتن، وتووێــژکردن، گفتووگـــۆکردن، پەیوەنـــدیکردن) جێبـــەجێیان دەکـــات، ژمارەیـەکی زۆر لەدەرچـوانی زانکـۆ ئەوانـەی کـە دەیانـەوێت ببنـە کەسـایەتی دیپلۆماسـی یـان دیپلۆمـات دەبـێ بەشـداریی بکــەن لەمونافەســەکردنێکی زۆرو چــەندین تاقیکردنــەوەی شــەفەهیو تــەحریری لــەوەزارەتی دەرەوە بــۆ دەرچــوونیان بەمولحەقی سیاسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا زۆر مەرجوشـەرتی

دیکەی تـر هەیـە کـە تـەنها تاقیکردنـەوە بـۆ دەرچونیان کـافی نییە، بەڵکو دەبێ ئەوانەی کاندیداتن بۆ ئەو کـارە ئەساسـێکی ئـــەکادیمییان هـــەبێت واتـــە بڕوانامـــەی دانـــشگا لەگـــەڵ مەعلوماتی گشتیو سەقافەتی بەرزو زانیاریی پێویستیش لـەو بوارانــەدا: (هونــەریی، ئــەدەبیی، ئــابووریی، شــانۆ، مێــژوو) هــەبێت، لــەڕوی شەخسیــشەوە دەبــێ مرۆڤێکــی هــێمنو لەسـەرەخۆبێت، شەخـسییەتی بـەهێزبێتو بـڕوای بـەخۆی هەبێتو زوو هەڵنەچێت.

## کێ دەبێتە دیپلۆمات یان دیپلۆماسی:

لەسەرەتادا ئەو کەسەی کە دەیەوێت لەو بوارەدا شارەزابێتو ببێت بەمولحەقی سیاسی دەبێ بەشداریی بکات لەتاقیکردنەوەیەکی تەحریری پاشانیش تاقیکردنەوەیەکی شەفەهی بەدواوەدێت، تاقیکردنەوەکەش بریتییە لەزانستی سیاسی، ئابووریی، قانوونی دەولی پاشان وەرگێڕانی نووسینێك بەزمانی بێگانە بۆ سەر زمانی دایكو بەپێچەوانەوەش، ئەو کەسانەی کە لەو تاقیکردنەوانە دەرچوون ئینجا دەتوانن بەشداریی بکەن لەمەعهەدی دیپلۆماسی سەر بەوەزارەتی دەرەوە، لەوێدا دەبێ بۆ ماوەی ساڵێك لەو بوارانەی خوارەوە دەربارەی (رۆشنبیریی، ئابووریی، یاسا، کومەلایەتی، ئەتیکێت، پرۆتۆکۆل، موجامەلەکردن بخوێنن.

دوای تەواوکردنی ساڵی خوێندنو دەرچوونیان بەسەرکەوتوویی لەهەموو تاقیکردنەوەکان، ئەوکاتە دەرچووەکان بۆیان هەیە وەکو مولحەقی سیاسی دەستبەکار

بکـــەن، بـــەڵام دەبـــێ بـــۆ ماوەیـــەك لـــەژێر چـــاودێریی بەڕێوەبەرەکانیاندابن.

## پێشکەوتنی دیپلۆماسی

### سەردەمی کۆن:

بەگوێرەی ئەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتانەی کە لەکتێبخانەکانـدا هـــەن وڵاتـــانی هینـــدو چـــینو میـــسرییەکان لەکۆنـــەوە دیپلۆماسـییان زانیـوەو شـارەزاییان لـەو بارەیـەوەش هـەبووە، لـــەدوای هـــەموو شەڕوشـــۆڕێك کـــە روویـــداوە هەوڵیانـــداوە لـــەڕێگای وتووێـــژکردنو گفتوگۆکردنـــەوە بگـــەن بەئاشـــتیو کێـــشەو گیروگرفتـــەکانی خۆیـــان لـــەڕێگای نـــاردنی نوێنـــەرو وەفدەکانیان چارەسەر کردووە.

**سەردەمی یۆنانییەکان:**

لەو سەردەمەدا ئەو کەسەی کە دەبوایە ئەو کارە بکاتو بەوکارە هەڵبسێت وا پێویستبوو کە بیرێکی تیژو فراوانی هەبێت، هەروەها دەنگیشی گەورەبێت، بەبەردەوامیش ئەو جۆرە کەسانە هەڵدەبژێردران کە یان پارێزەربوون یان خەتیب بۆ ئەوەی رەوانەیان بکەن لەکاتی گفتوگۆکردن بەتایبەتی لەبوارەکانی سیاسیو بازرگانیدا.

**سەردەمی رۆمەکان:**

رۆمەکان لەبەرئەوەی هەمیشە خەڵکی ئازاو بەهێزبوون، تەنها فەرزی مەرجو شەرتەکانی خۆیانیان کردووە بەسەر ئەو وڵاتانەی کە لەکاتی شەڕ لێیان بردوونەتەوە.

**سەردەمی بیزەنتییەکان:**

بەپێچەوانەی رۆمەکان، لەبەرئەوەی بیزەنتییەکان لاوازو بێهێزبوون لەدیپلۆماسی، بەدیلی تریان دۆزیوەتەوە بۆ ئەو لاوازییەی خۆیان، ئەویش لەرێگای لاوازکردنی دوژمنەکانی خۆیان بەهۆی تێکبەردانیان لەناوخۆیاندا لەدژی یەکتری،

لەو سەردەمیدا سەفیر دەبووە میوانی میوانخانەی مەلەکی ئەو وڵاتەی کە کاری تێدا دەکرد، لەوێدا ژیانی خۆی بەسەر دەبرد. هەرلەوێشەوە نوێنەرایەتی وڵاتەکەی خۆی دەکردو راپۆرتو کاروچالاکییەکانی خۆی رەوانەی وڵاتەکەی خۆی دەکردەوەو وڵامی هەموو جۆرە پرسیارو شتێکی وڵاتەکەی خۆی دەدایەوە.

## دیپلۆماسی لای عەرەبو موسڵمانەکان:

قەبیلەکانی عەرەب لەکۆنەوە باشترین کەسیان هەڵدەبژارد کە بەزیرەکییو چالاکیی بەناوبانگ بوون، کارەکانی گفتوگۆکردنو رێکەوتنەکانیان هەمووی بەوجۆرە کەسانە رادەسپارد، بۆ نموونە زەمانی پێش ئیسلام (عبدولموتەلیب بن هاشمیان) بۆ لای (ئەبرەهە)نارد بۆ گەڕاندنەوەی حوشترەکانیان دوای تاڵانکردنیان، لەدوای پەیدابوونی ئیسلامیش ئیشوکار سپاردن بەکەسانی تر بۆ بڵاوکردنەوەی ئایین زیاتر پەیدابوو، دەبوایە ئەو کەسەی کە دەینێرن بۆ کاروباری نوێنەرایەتی خەڵکی زانابوایە لەشەریعەتو

هەروەها هێمنو قسەزان بوایە لەئسلوبی ئیقناعو رازیکردنی خەڵکیش شارەزابێت، لەئاشتی حودەیبییەدا کە بەناوبانگترین ئاشتی بوو لەنێوان پێغەمبەر (د.خ)و قورەیشییەکاندا، کاتێ ئیسلامەکانو ویستیان بێن بۆ زیارەتی (مەدینە) ئەوکات قورەیشییەکان (سهیل بن عمرو)یان بەنوێنەری خۆیان نارد بۆ لای پێغەمبەر(د.خ) کە پێغەمبەر ئەوکاتە لەدەوروبەری مەدینەبوو، ئەوەبوو گەیشتن بەرێکەوتنو ئەنجامێکی باش کە بووە هۆی ئەوەی ماوەی ١٠ ساڵ شەڕ لەنێوانیاندا رابگیرێت.

## سەردەمی ئەمەوییەکانو عەباسییەکان:

لەسەردەمی ئەمەوییەکانو عەباسییەکانیشدا دیپلۆماسی زیاتر گەشەی کردو هەرکەسێكو یان نوێنەرێك ئەگەر بیویستبایە بچێت بۆ زیارەتی ئەمیرەکانیان دەبوایە یەکەم جار ئەمیرەکە مافی ئەمانی پێبدات کە لەسەردەمی ئەمەۆییەکاندا پێیدەلێن (حەسانەی دیپلۆماسی) ئینجا دەیتوانی نامەی سەرۆکەکەی خۆی پیشانی ئەو مەلیکە بدات، هەروەها خۆپیشاندانی سەربازیشیان لەپێش سەفیر یان نوێنەرەکە ئەنجامدەدا، دەعوەتی گەورەیان بۆ دەکرد، دیاریی بەنرخیشیان پێدەبەخشی تاکو ئەو نوێنەرە بۆ ولاتەکەی خۆی بنووسێت کە ئەو ولاتەی کاری تێدا دەکات لەڕووی دەرامەتو ئابوورییەوە وەزعی زۆر باشە.

## دیپلۆماسی لەسەردەمی نوێدا:

لەدوای کۆنگرەی ڤییەننا لەساڵی ١٨١٥ تاکو شەڕی یەکەمی جیهانیی دیپلۆماسی گەشەی زۆری کردوو بەرەوپێشەوە رۆشت، لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێك خاڵ گفتوگۆیان لەسەرکراو بڕیاریان لەسەردرا، لەوانە:

١- تەرتیبکردنو رێکخستنی پلەکانی دیپلۆماسی کە سەرچاوەی کێشەو ململانێ بوو.

٢- بڕیاردرا کە نوێنەرە دیپلۆماتەکان نوێنەرایەتی وڵاتەکانی خۆیان دەکەن نەکو هەر تەنها نوێنەرایەتیکردنی سەرۆکەکانو شاکانیان.

٣- نێردراوی دیپلۆماسی بوو بەجیهازێکی رەسیمیو سەر بەوڵاتەکەی خۆی کە تایبەتە بەئیشوکارەکانی دەرەوەی وڵاتەکە.

٤- پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی کاروباری دیپلۆماسی بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجامدەدرا، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی روسیا ساڵی ١٩١٧و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی قەیسەر، دوای ئەوە بڕیاردرا کە ئیتر نابێ ئیشوکاری

حكومـەت شـێوەی نهـێنی بەخۆیـەوە ببینێـت، بـەڵکو دەبـێ بەشێوەیەکی ئاشکراو دیپلۆماسییانە لەداهاتوودا کاربکرێت.

٥- راگەیانـدنی سـەرۆکی ئەمـەریکا (ویلـسۆن) لـەکانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ بۆ ئەو چواردە خاڵەی کە لەبەڵگەنامەکەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان دادەرچـوو کـە تیایـدا داوایکـرد ئـیتر دەبـێ دیپلۆماسـی عەلـەنی بێـتو چـواردە خاڵەکـەش کاریـان پێبکرێت.

٦- دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمـی جیهـانیی لـەدایکبوونی کۆمەڵـەی نەتــەوە یــەکگرتووەکان ١٩٤٥ دیپلۆماســی زیــاتر گەشەکردنی بەخۆیەوە بـینی، ئـەوەبوو لەرێکـەوتی ١٩٦١/٤/٤دا دارشـتنەوەی مەسـەلەی حەسـانەی دیپلۆماسـیو پەیوەندییـە دیپلۆماســییەکان ئەنجامــدرا، پاشــانیش رێکەوتننامــەی (ڤێننـا)یـان بـۆ پەیوەندییـەکانی قونـسولییەت لەسـاڵی ١٩٦٣دا مۆرکرد.

## بەشی سێیەم:

## پێشکەوتنی دیپلۆماسی لەڕووی بابەتییەوە

دوای جەنگی دووەمی جیهانیی دیپلۆماسی گەشەکردنو گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەرداهات، ئەنجامی شەڕەکە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر پێشکەوتنی شۆڕشەکانی زانست، کۆمەڵایەتی، ئابووریی، تەکنەلۆژیا، لەڕووی تیۆریشەوە بووە هۆی کۆتاییهێنانی دیپلۆماسیی نهێنی کە ئەو جۆرە دیپلۆماسییە ئیعتیمادی تەواوی دەکردە سەر پەیمانو ڕێکەوتنامە نهێنییەکان هەروەکو لەنێوان وڵاتانی ڕۆژئاواو روسیای قەیسەری روویدا، هەروەها پەیدابوونی چەندین شێوەو جۆری دیپلۆماسی بەناوی تازەوە کە گرنگترینیان ئەوانەی خوارەوەن:

**دیپلۆماسیی میللیی (الشعبی):**

ئەمانەی بەو جۆرو شێوە دیپلۆماسیە هەڵدەستن بریتیین لەوەفـــدەکانی خوێنـــدکاران، کرێکـــاران، هونەرمەنـــدان، وەرزشکاران کە لەپێناوی ناساندنی بیرورای راستو دروستی وڵاتەکانیان دوور لەگرتنەبەری رێگای سیاسەت، ئامانجی ئەو جۆرە دیپلۆماسیە نزیکبوونەوەبوو لەنێوان چینوتوێژەکانی میللەتان لەناو جۆراوجۆریی وڵاتاندا، ئەوجۆرە دیپلۆماسیەش جیاوازیی لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە، چونکە لەو جۆرە دیپلۆماسیەدا زۆر بەکەمی رەچاوی تەکتیكو پێویستییەکانی پرۆتۆکۆلات دەکرێت.

**دیپلۆماسیی پەرلەمانیی:**

ئەمانەی ئەو جۆرو شێوە دیپلۆماسیە ئەنجامدەدەن بریتین لەئەنـــدامانی پەرلـــەمانو لێژنـــەکانی کـــە لەپەرلـــەمان دروســـتدەکرێن. ئـــەویش لـــەرێگای پەرلەمێنتارەکانـــەوە بەمەبەســـتی پتـــەوکردنی پەیوەندییـــەکانو روونکردنـــەوەی راووبۆچـــوونی خۆیـــان بـــۆ وڵاتـــانو گـــەلانی تـــر، هـــەروەها گۆڕینـــەوەی بـــیرورا لەگـــەڵ یـــەکتریی‌و بەســـتنی ســـیمینارو

ئەنجامـــدانی کـــۆڕو کۆبوونـــەوەی جۆراوجـــۆر لەگـــەڵ بەسەرکردنەوەی پەرلەمێنتارانی پەرلەمانەکانی وڵاتانی تر.

### دیپلۆماسیی یارمەتیدان:

ئـەو جـۆرە دیپلۆماسـیە وڵاتـانی باشـوور بـەکاری دەهێـنن بـەهۆی یارمەتییـەکانیان بـۆ کارکردنـە سـەر وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم، ئـــەوەش لـــەڕێگای بەخـــشینو نەبەخـــشینی ئـــەو یارمەتییانــە، بــۆ ئــەوەی وڵاتــانی جیهــانی ســێیەمیش ڕێگــا نـــەگرن لەبـــەردەم بەرژەوەندییـــە سیاســـیو ئابوورییـــەکانی وڵاتانی باشوور.

### دیپلۆماسیی پیشاندانی هۆکانی جەنگ:

ئەو جۆرەیـەش دیپلۆماسـیی هێـز پیـشاندانو بـەکارهێنانی هێـــزە، وەکـــو ئـــەوەی کـــە ئەمـــەریکاو هاوپەیمانـــەکانیان لەکەنداوی عـەرەبی پـاش ئـەوەی کـە عـیراق کـویتی داگیرکـرد پیشانیاندا کە تیایدا هەموو جۆرە چـەکێك لەفڕۆکـەو تانـكو ئستۆلی جەنگی بەکارهات.

**دیپلۆماسیی داری بەهێز (دیپلۆماسیی کوتەك):**

ئـــەوەیان دیپلۆماســـیی تـــەنها بـــەکارهێنانی هێـــزە، بـــۆ مەبەســتێکی دیــاریکراو، بــۆ ئــەوەی بەرانبەرەکــە مەســیگی ئەوەی پێبگات کە لـەداهاتوودا رووبـەڕووی سـزایەکی جـددیی دەبێتەوە ئەگەر هاتوو بـەردەوامبێ لەسـەر هـەمان سیاسـەتو رەفتاری پێشووی خۆیو رووبەڕووی هێزی دەوڵەتێکی گـەورە دەبێتـەوە، ئـەوەش دوای روودانـی رووداوەکـەی لۆکـەربی ئـەو جۆرە دیپلۆماسـییە لەلایـەن وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا لـــەدژی لیبیـــا بـــەکارهات، ئـــەوەبوو فرۆکـــە جەنگییـــەکانی ئەمـەریکا هەسـتان لەهەنـدێ شـوێنەواری سـەربازییو چـەند شــارێکی لیبیایــان-دا، تــاکو لیبیــا سەرشــۆڕ بکــات بــۆ داواو داخوازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

**دیپلۆماسیی دارو گێزەر:**

ئەو جۆرە دیپلۆماسیە وەکو ئەوەیە کە یەکەم بەدەستێك کوتــەك پیــشان بــدەیتو بەدەســتەکەی تــریش گێــزەر بــۆ سەرنجڕاکێـشانی بەرانبەرکـەت بـۆ ئـەوەی ئـەو عـەرزەی کـە

هەتە بەرانبەرەکەت قەبووڵی بکات، بێ ئەوەی پێویستی بە پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێز بکات.

**دیپلۆماسیی مەکوك واتە ( هاتووچۆو خولانەوە ):**

ئەو جۆرە دیپلۆماسیە ئیعتیماد دەکاتەسەر هاتووچۆکردنی دیپلۆماسییەکان بەتایبەتی وەزیری دەرەوە، ئەوانە خۆیان بەمەبەستی چاوپێکەوتن لەنێوان لایەنەکانی ناکۆك لەگەڵ یەکتری دێنو دەچن بۆ لێك نزیکردنەوەی بۆچوونەکانو چارەسەری کێشەکان لەماوەیەکی کورتدا، ئەو جۆرە دیپلۆماسیەش دوای شەری ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ (کیسنجەر) پێی هەستا، کیسنجەر لەو هەوڵدانەیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دوای جەنگی١٠ی رەمەزانیش توانیی زۆربەی بۆچوونی سیاسی ناوچەکە بگۆڕی، ئەوەی کە موستەحیلات بوو بەدەستیهێناو ئیمکانی کرد، ئەوەی حەرامبوو حەلاڵی کرد، هەروەکو (امین هویدر) لەکتێبی (کیسنجەرو ئیدارەکردنی ململانێی نێودەوڵەتی)دا باسی کردووە، کیسنجەر چەندین ناوی تازەی بۆ دیپلۆماسی پێشنیازکرد، هەروەها هۆکارەکانی

دیپلۆماسیی پیشاندا لەگەڵ هەندێ تەعبیراتی تازەش بۆ دیپلۆماسی وەکو (چارەسەرکردنی هەنگاو بەهەنگاو)یان (زەوی بەرانبەری ئاشتی) یان (چارەسەرکردن لەرێگای بیرکردنەوەی مەنتیقی نەوەکو لەرێگای تەنزیمی عەقائیدیو شۆڕشگێڕیی) یان (ئاساییکردنەوەی بارودۆخ پێش هاتنی ئاشتی کۆتایی).

ئەو جۆرە دیپلۆماسیەش هەندێ کاری ئیجابیانەی جێبەجێکرد، بەڵام هەندێ مافیش لەناویدا بزردەبێتو وندەبێت، ئەو جۆرە دیپلۆماسیە تاکو ئێستاش کاریگەریی زۆری لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە.

**دیپلۆماسیی کۆنگرە یان دیپلۆماسیی مووتەمەرات:**

ئەو جۆرە دیپلۆماسیە تازەیە لەقۆناغی ئەمرۆماندا، هەروەها جۆرێکە لەیانەی گفتوگۆکردنو مساوەمەکردن لەجیاتی ئەوەی لەناو هۆڵە داخراوەکاندا گفتوگۆبکرێت، بەڵکو لەناو کۆنگرەکاندا بەئاشکرا قسەو باس دەکرێت، ئامانجی ئەو جۆرە دیپلۆماسیە کۆتاییهێنانە بەئیشێکی

دیاریكراو، هەروەها لەكات‌وشوێنێكی دیاریكراویشدا، یەكێك لەسیفاتە گرنگەكانی دیپلۆماسیی موتەمەرات ئەوەیە كە پێویستی بەدیپلۆماتی تایبەت‌و لێزان بەو جۆرە ئیش‌وكارانەوە هەیە، واتا دیپلۆماتەكانی كە بەو جۆرە كارانەوە هەڵدەستن دەبێ شارەزاو هەندێ سیفاتی تایبەتییان هەبێت‌و نەوعیەتی باشیش بن وەكو: پەیوەندیی شەخسی، پەیوەندیی كۆمەڵایەتی، خەڵكی بەحەرەكە، دەبێ ئاگاداری تەواویان هەبێت لەو بابەتانەی كە لەكۆنگرەكەدا باسدەكرێن، قسەكەری باشیش بن، شارەزایشیان هەبێت لەجۆری دانانی بڕیار بۆ پرۆژەكە، زانینی هەموو جۆرە تاكتیكێك، قابیلییەتی ئەوەیان هەبێت كە بەخێرایی پێشنیازی ئیقتیراحی دژ بكەن لەگەڵ قابیلییەتی قسەكردنی ئیرتیجالی بەزمانی بێگانە بەشێوەیەكی زۆرباش بۆ ئەوەی نەكەونە ناو هەڵەی وەرگێڕانەوە، ئەوجۆرە دیپلۆماسیەش لەنێوانی دوو وڵات یاخود كۆمەڵەو وڵاتێكدا پەیڕەوی لێدەكرێت. لەدوای دروستبوونی نەتەوە یەكگرتووەكانیش (UN) ئەو جۆرە دیپلۆماسیە زۆر بۆ پێشەوە هەنگاوی هاوێشت، چونكە نەتەوە

یـــەکگرتووەکانیش لەقوڵکردنـــەوەو گەشـــەپێدانیدا زۆر کاریگەریی هەبوو لەسەر بەرەوپێشەوەبردنو گەشەپێکردنی ئەو جۆرە دیپلۆماسیە لەنێوان دەوڵەتاندا لەگەڵ رەبتکردنی بەرژەوەندییـــە هاوبەشـــییەکانی نێـــوان رێکخـــراوە نێودەوڵەتییەکان بەیەکەوە، لەدوایدا چەندین رێکخراوو دامودەزگای تریش درووستبوون کە شانبەشانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاریانـدەکرد، لەوانـەش جامیعـەی وڵاتـە عەرەبییـەکانو رێکخـراوی یـەکێتی ئەفـەریقاو یـەکێتی ئەوروپا.

**دیپلۆماسیی لوتکە ( مووتەمەراتی لوتکە ):**

ئـەو جـۆرە دیپلۆماسـیە سـەرۆکی وڵاتـەکان لەشـوێنی سەفیرەکانیان لەو جۆرە کۆبوونەوانەدا بەمەبەستی گفتوگۆو مفـاوەزاتکردن لـەو جـۆرە کۆبوونەوانـەدا لەگـەڵ یـەکتری بەشداریی دەکەن بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو هۆکانی پەیوەندیکردنو گەیشتن بەیەکتریی بەشێوەیەکی خێرا، ئەو جـۆرە کۆنگرانــە زووزوو دووبارەدەکرێنــەوە، لــەپێناوی زوو

بەیەکترگەیشتنیش پێشتر تەنسیق‌و هاوکاریی لەگەڵ یەکتریی لەڕێگای دامودەزگاو لێپرسراوەکان دەکرێت‌و هەموو شتەکان ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکانیان بەرهەم‌و ئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە، چونکە لەو کۆبوونەوانەدا سەرۆکەکان خۆیان بەشداردەبن‌و خۆشیان لێپرسراوی راستەوخۆن، هەر ئەوانیش دەتوانن تەنازولات بۆ یەکتریی بکەن لەبەرانبەر ئەوەی کە بەدەستیدەهێنن، ئەو جۆرە کۆبوونەوانەش بەوە ناسراون کە زوو بڕیاریان لێدەردەچێت‌و پێیدەڵێن (دەسەڵاتی چارەسەرکردنی کێشەکان) هەر بڕیارێکیش لەوجۆرە کۆنگرانەوە دەربچێت زیاتر ئیلتیزاماتی پێدەکرێت، چونکە راستەوخۆ لەسەرۆکی وڵاتەکانەوە دەردەچێت، بەڵام لایەنی سلبی ئەو جۆرە دیپلۆماسیەش ئەوەیە کە سیاسەتمەدارەکان بڕیاری بەپەلە دەدەن، هەروەها زۆر بەوردی بیر لەبابەتەکانیان ناکەنەوە، چونکە پێشتر نەخشەیان بۆ نەکێشاوە، بۆیە بڕیارەکانیان هەندێ سەرپێیانە دەبێت، لەبەرئەوە زۆرجار کێشەو گیروگرفتیان دێتە پێشەوە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی وەخت‌و گوێنەگرتن

لـەئامۆژگاریی دیپلۆماتـە شـارەزاکان، هـەروەها هۆیـەکی تـری لەکەموکورییـەکانی ئـەو جـۆرە دیپلۆماسـیە ئەوەیـە کـە دژی سیـستەمی دیموکراسـییە، چـونکە دەوری وەزارەتـی دەرەوەو سـولْتەی یاسـادانان ناهێڵێـتو کەمدەکاتـەوە، ئـەو جـۆرە دیپلۆماسـیە لـەکۆنگرەی (کامـپ دیڤیـد) کـە لـەنێوانی سـاداتوبێگن بـەئامادەبوونی جیمـی کارتـەری سـەرۆکی ئەمـەریکا ساڵی ١٩٧٨ بەسـتراو پـەیڕەوکرا، سـەرۆکی میـسری ئەوکاتـە سـادات تـەنها خـۆی بڕیاریـدا بێئـەوەی گوێبداتـە شـارەزاکانی وەزارەتـی دەرەوەی میـسریو لـەدژی هـەموویان وەسـتا، چـونکە ئـەوان جـۆرە رێکـەوتنێکی تریـان لەگـەڵ ئیـسرائیل دەویـست، لەئـەنجامی ئـەو رێکەوتنامەیـە وەزیـری دەرەوەی میسر دەستی لـەکار کێشایەوە کـە نـاوی (ئیـسماعیل فەهمی)بوو، لەدوایدا باڵوێز محەمەد ئیبراهیم کامل وەزارەتی وەرگـرتو زۆری پێنەچـوو ئـەویش ئیـستیقالەی کـرد، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی بـۆی روونبـۆوە کـە خوالێخۆشـبوو سادات هەر تەنها بەقسەی خۆی دەکاتو گوێ ناداتـە وەزیـری دەرەوەی خۆی.

سـەرکردایەتی وڵات کارەکـەی بریتییـە لـەدانانی سیاسـەت، بـــەڵام کاتـــێ ســـەرکردایەتیو وڵات خـــۆی هەڵدەســـتێ بـەمفاوەزاتکردنو ئیهمـالی کـاری خـۆی دەکـات کـە دانـانی سیاسـەتە، ئـەوا لـەو حاڵەتـەدا تەداخولکردنەکـەی دەبێتـە مایـــەی زەرەرێکـــی زۆر، واتـــا ســـەرکردایەتی کـــە سیاســـەت دادەڕێـژێ دەبـێ جێبـەجێکردنی سیاسـەتە داڕێژراوەکـەش بـۆ دامودەزگـا تایبەتییـەکان بـەجێبهێڵێ، نابـێ خـۆی تـەداخولی جێبەجێکردنەکەی بکات.

**دیپلۆماسیی ژێربەژێریی واتە (نهێنی):**

ئـــەو جـــۆرە دیپلۆماســـیە بەشـــێوەیەکی ژێربـــەژێریی ئەنجامدەدرێت رێك بەتەواوی دوور لەهـەموو دامودەزگایـەکی تایبـەتیو لێپرسـراوان، واتـا شـێوەیەکی زۆر نهـێنیو سـیکیور بەخۆیـەوە دەگرێـت، ئـەو جـۆرە دیپلۆماسـیەش کیـسنجەری وەزیری دەرەوەی وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا جێبـەجێی کـردو پـەیڕەوی لێکـرد، کاتـێ خـۆی ویـستی پەیوەندییـەکانی نێوان ئەمەریکاو چین چاکبکات، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش هەسـتا

بەناردنی چەندین نامەی نهێنی بەڕێگای سەرۆك (ئەیوب خان)ی سەرۆکی پاکستانی ئەوکات، دوای ئەو پەیوەندیکردنانە تیمی چینییەکان دەعوەتێکیان پێشکەشی تیمی ئەمەریکییەکان کرد، بۆ ئەوەی ئەمەریکییەکان لەساڵی ١٩٧١ سەردانی پەکین بکەن، ئەوەبوو ئەمەریکییەکانیش دەعوەتەکەیان قبوڵکرد ئەوجۆرە پەیوەندییە هەر بەردەوامبوو تاکو لە ١١-١٩٧١/٧/٩ هنری کیسنجر خۆی سەردانی چینی بەشێوەیەکی نهێنی بۆ پەکین کرد، لەدوایدا بەشێوەیەکی ئاشکرا سەردانێکی بۆ چەند وڵاتێکی ئاسیا دەستپێکردو بەسەردانی پاکستان کۆتایی پێهێنا، پاشان کیسنجر سواری فڕۆکەیەکی پاکستانی بوو وای پیشاندا کە نەخۆشە فڕۆکەکەی لەفڕۆکەخانەیەکی وێرانکراوی نزیك پەکین نیشتەوە، لەوێداو وتوێژەکانیان دەستپێکردو هەردوو لایان ڕێکەوتنو زۆر ئیجابیانە کۆبوونەوەکەیان کۆتایی پێهات، چین لەو کۆبوونەوەیەدا دەعوەتێکی ڕەسمی پێشکەش کردوو تیایدا نیکسۆنی بۆ چین دەعوەتکرد، هەموو جیهان بەو خەبەرە سەریان سوڕما، بەمشێوەیە نزیکبوونەوەی نێوان

ئەمــەریکاو چــین شــێوەیەکی فیعلیــیو ئاشــکرای بەخۆیــەوە بینی.

هەروەها دیپلۆماسیی ژێر بەژێری (نهێنی) سالی ١٩٨٦ یش لەنێوان موخابەراتی ئەمەریکیو موخابەراتی میسری لەسەر داوای ئەمەریکییــەکان پــەیڕەوی لێکــرا، ئــەویش بــەدانانی نوێنەرێکی موخابەراتی ئەمــەریکی لــەقاهیرە، بــۆ ئــەوەی ئــەو نوێنەرە دوور لەسەفارەتو هۆکارەکانی دیپلۆماسیی تەقلیدی روونکردنەوەو زانیاریی پێوویست بداتــە ســەرۆکی ئەمــەریکاو راســتییەکان بەشــێوەیەکی واقیعیــیو راســتگۆیانە بگەیەنێتــە وڵاتەکەی خۆی بۆ ئەوەی ســەرۆکی ئەمــەریکا لەســەر وەزعــی وڵاتەکــە لەســوورەتێکی تــەواو حەقیقیــدابێت، لەدوایــدا ئــەو رێگایــە گەشــەی کــرد تــاکو گەیــشتە ســەر ئاســتی زۆربــەرز بێئەوەی وەزارەتی دەرەوەی هەردوو وڵات شتێك بزانن‌و هیچ جۆرە زانیارییەکیشیان لەو بارەیەوە هەبێت، دیپلۆماسیی ژێر بــەژێری چــەندین جــاریش لەمێــژوودا لەلایــەن ئیــسرائیلو فەلەســـــتینییەکانەوە پـــــەیڕەوی لێکـــــراوە، هـــــەروەکو لەکۆبوونــەوەکانی ئۆســلۆو ســوویدو نــەرویج بەمەبەســتی

**هەوڵدان بۆ گەیشتن بەپرۆژەی رێکەوتنامەیەکی مەقبولو دوور لەژوورەکانی موفاوەزاتو گفتوگۆکردنی رەسمیدا.**

## بەشی چوارەم:

## کەسایەتی دیپلۆماتی سەرکەوتوو

دیپلۆماتی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی خۆیو هاوسەرەکەی، ئەویش نوێنەرایەتیکردنی وڵاتەکەیەتی لەدەرەوەی وڵاتی خۆیدا، لەگەڵ ژمارەیەك ئەركو فەرمانو حەسانەی تر کە دەبێ موراعاتیان بکات، بەتایبەتیش دەبێ نوێنەرایەتی وڵاتەکەی خۆی زۆر بەرێكوپێکیو موشەریفانە ئەنجامبدات، نابێ هەڵسوکەوتەکانی وەکو هەڵسوکەوتی کەسێکی ئاسایی بێت، بەڵکو کۆمەڵێك دابونەریتی دیپلۆماسی هەیە دەبێ بکەوێتە ژێر باریان، پێویستە ئەو خووڕەوشتو دابونەریتانەش هەم خۆیو هەم هاوسەرەکەشی بەدیقەتەوە رەچاویان بکەنو جێبەجێیان بکەن، تەنانەت دەبێ لەژیانی تایبەتی رۆژانەشیاندا پەیڕەوی تەواوی لێبکەنو نابێ بەکەیفی خۆیان هەڵسوکەوتو رەفتار بکەن، بەڵکو دەبێ لەچوارچێوەی بنەچەو بنەماکانی مەراسیمی پرۆتۆکۆلاتو

داب‌ونــەریتی دیپلۆماسـیدا بجولێنــەوەو هــەنگاو بـۆ پێـشەوە بهاوێـــژن، لەگـــەڵ گرنگیـــدان بەلایـــەنی دیمـــەنی جـــوان‌و پاك‌وتــەمیزیی تــەواو، جـاری واش هەیــە دەبــێ پێـشوازیی لەکەسانێك بکات کە ڕەنگە هەر خۆشیـشی نـەوێن‌و نەیـەوێت لەگەڵیـشیاندا دابنیـشێت، بـەڵام لـەبواری دیپلۆماسـییدا دەبـێ بتوانێ پێشوازیی گەرم لـەوجۆرە کەسـانەش بکـات کـە خۆشـی نـاوێن، تەنانـەت پیشانیـشی بـدات کـە خۆشـی دەوێـن‌و دەبـێ ڕێـزی تەواویـشیان لێبگرێـت، واتـە دیپلۆمـات‌و هاوسـەرەکەی ناتوانن ژیانێکی ئاسایی بژین‌و بەکەیفی خۆیان هەڵس‌وکەوت بکـەن، بـەڵکو دەبـێ خۆیـان بەکۆمـەڵێك ئـەرك‌و فـەرمان‌و ئیلتیزامـاتی تـرەوە ببەسـتنەوە کـە بـەحوکمی ئیـشەکەیان ئیزافـەی سـەر کـارو فەرمانـەکانی تریـان دەبێـت، لـەماوەی رابـردوودا کۆمـەڵێك ڕووداوی تـازەو نـاخۆش لـەدژی سـەفیرو ســـەفارەتەکان‌و دیپلۆمـــات‌و نێـــردراوە دیپلۆماســـییەکاندا ڕوویانداو بوونە ئامانجی تێرۆریـستان‌و ئیرهابییـەکان، لەوانـە دەســـتدرێژیکردنە ســـەر ســـەفیرو دیپلۆمـــات‌و نێـــردراوە دیپلۆماسییەکان‌و تیرۆرکردنـی هەندێکیـشیان، ئـەویش لەبـەر

ئــــەو هۆیانــــەو چــــەندین هــــۆی تــــریش دیپلۆماتــــەکانو خێزانەکانیان هیچ کاتێك لەو وڵاتانەی کە کاری تێدا دەکەن لەئـەمانو ئاسایـشی تـەواودا نـینو نـابن، بۆیـە پێویـستە زۆر ئاگــاداری پاراســتنی ژیــانی خۆیــانو خێــزانو کارمەنــدو دیپلۆماتەکانیان بن.

ســەفیر یــان دیپلۆمــاتی ســەرکەوتوو ئــەو کەســەیە کــە ئیعتباری خۆی وەکو لێپرسراوی مەکتەبێکی گەشتوگوزار بۆ خزمـەتکردنی میوانـەکانی بکات، واتـا سـەفیر دەبێ هەمیـشە لەخزمــــەتکردنی هاوڵاتیــــانو پاراســــتنی بەرژەوەنــــدیی وڵاتەکەیـدابێت، نابێ فەرامۆشـی ئـەو بـوارە لـەهیچ کاتێکـدا بکـات وەکـو ئـەوەی کـە کابرایـەکی بەڕێوەبـەری بـانق چـۆن خزمــــەتی میوانــــەکانی خــــۆی دەکــــات یــــان خــــاوەنی چێــشتخانەیەکی نایــاب چــۆن خزمــەتگوزاری پێــشکەشی میوانەکانی دەکات، سەفیر یـان دیپلۆمـاتی سـەرکەوتوو دەبێـت هـەموو ئـەو شـتانەی لەبەرچاوبێت، هـەموو کـات حـەز بکـات ژمارەیــەکی زۆر لــەدیپلۆماتو کارمەنــدی شــارەزای لەبــەر دەستدابێت بۆ ئـەوەی زیـاتر خزمـەتی میوانـە رەسمییـەکانی

خۆی بکات، بۆ هەریەکەش لەمیوانەکانی وا چاکە کەسێکی یارمەتیدەریان لەگەڵ دابنێت، هاوسەری سەفیریش دەبێت لەخشڵو زێڕکرپینو کەلوپەلی ماڵو ناسینی شوێنی هەرزان شارەزاو لێزانو کارامەو زیرەك بێت، زانیاریشی لەسەر هەموو جۆرە خواردنێکی وڵاتان هەبێت، لەکاتی پێشوازیکردنی میوانان بەشێوەیەکی جوان رەفتار بکات، هەمیشە لەگەڵ هاوسەرەکەشی بەزەردەخەنەو دەم بەپێکەنینەوە لەپێشوازیکردنی میوانەکاندابێتو رێزیان لێبگرێت.

**سیفاته پێویستو گرنگەکانی کەسایەتی دیپلۆماتی سەرکەوتوو:**

١- دیپلۆماتی سەرکەوتوو هەم خۆیو هەمیش هاوسەرەکەی پێویستە جلوبەرگی جوان بپۆشن، بەجۆرێك کە لەگەڵ دابونەریتی دیپلۆماسیدا بگونجێت، هەروەها نابێت جلوبەرگی واش لەبەربکەن کە لەگەڵ دابونەریتی ئەو وڵاتەی کە کاری لێدەکەن نەگونجێت.

٢- دیپلۆماتی سەرکەوتوو دەبێ سەنگینو لەسەرخۆبێت، هەموو شتێك زۆر بەهێمنی وەربگرێت، ئەگەر هاتوو یەکێك رایەکی توندی لەبەرانبەردا دەربڕی یان قسەیەکی ناڕێکی پێوت، یاخود بەرانبەرەکەی لەدابونەریتی دیپلۆماسیدا چووە دەرەوە ئەوا نابێ لەبەرانبەردا رەدفیعلی بەهێزی هەبێت، هەروەها نابێ وەڵامی کەسانی موستەفیز بداتەوەو ماوەش بدات بەرانبەرەکەی رایبکێشێت بۆ ناو گفتوگۆیەکی ناشیرین، هەروەها لەئیختیارکردنی وشەدا زۆر وردو بەدیقەتبێت، لەکاتوساتی خۆشیدا قسە بکات، کاروکردەوەکانیشی سەنگین بێت.

٣- دیپلۆمـات دەبـێ گـوێگرێکی زۆر باشـبێت، ئەگـەر هـاتوو شتێکیش تێنەگەیشت، دەبێت داوای رونکردنەوە بکات.

٤- ئــەرکی دیپلۆمــاتی بــاش ئەوەیــە کــە لەســەر هــەموو بابـەتێك شـتێك زانیـاریی هـەبێتو بخوێنێتـەوە، موتالەعـەی هەبێت، موتابەعەی کارەکانی خۆی بکات، هـەروەها پێویـستە توانـــــای تەســــــەوراتو تـــــەوەقوعاتی روداوی سیاســــــیو لێکدانەوەشی هەبێت.

٥- دیپلۆمـــات پێویـــستە یـــەکێك لەزمانـــە بێگانـــەکان بەشــێوەیەکی زۆر پــاراو بزانێــت، هــەم بتوانــێ بخوێنــێو هـــەمیش بتوانـــێ پێیبنووســـێ، شـــارەزاییەکی باشیـــشی لەکارپێکردنی کۆمپیوتـەرو بـەکارهێنانی ئینتەرنێتداهـەبێت، هـەروەها هەوڵبـدات زانیـاریی راسـتو دروسـت لەسەرچـاوەی باوەڕپێکراوی خۆی دەستبکەوێت.

٦- نــەریتی زێــڕینی دیپلۆمــاتی ســەرکەوتوو ئەوەیــە کــە پێویستە گوێگرێکی زۆر باشـبێت، نـەوەکو قـسەکەرێکی چـاك، واتە بۆ کەسایەتی دیپلۆمات گـوێگرتن مـەرجی سـەرەکییە بـۆ سەرکەوتن لەکارە دیپلۆماسییەکانیدا.

٧- لەکاتی قسەکردندا نابێ پەلە بکات، پێویستە لەپێش هەر کۆبوونەوەیەك لەڕووی بیرو هۆشەوە پێشتر خۆی ئامادە بکاتو بزانێت چۆن قسە دەکاتو چیدەڵێت، نابێ کاغەزێك دەربکاتو شت بخوێنێتەوە بۆ ئەو بابەتەی کە بەنیازە قسەی لەسەر بکات، بەڵکو دەتوانێ پێشتر تێبینییەکانی خۆی ئامادە بکاتو ناوەناوەش سەیریان بکات.

٨- پێویستە ڕێزی دابونەریتی ئەو وڵاتە بگرێت کە لێی دەژێتو کاری تێدا دەکات، نابێت موتەئسیربێت بەهەندێ دابونەریتی تایبەتی شەخسی خۆیو هەڵسوکەوتی وا ئەنجامبدات کە زیان بگەیەنێت بەئاراميیو هێمنی خەڵکانی دەوروبەری خۆی، پێویستە هەڵسوکەوتی وا ئەنجامبدات کە ببێتە مایەی ڕێزلێگیرانی لەلایەن بڕادەرەکانیو لێپرسراوانی ئەو وڵاتەی کە لەلایان کار دەکات، ناکرێت خۆی وا پیشانبدات کە لەبەر هەندێ دابونەریت خواردەنەوە ناخواتەوە، چونکە لەوانەیە جاری وا هەبێت لەموناسەباتەکاندا تووشی ئەو حاڵەتەببێت، بۆیە بۆ ڕێزلێنان لەبەرانبەرەکەی وا باشە پێکێك تێبکاتو لەگەڵی

نۆش لێبدات، بەڵام مەرج نییە بیخواتەوە، ئەوەش نیشانەی تێگەیشتن و قبوڵکردنی دابونەریتی بەرانبەرەکەو ڕێزلێنان لەبەرانبەرەکەدا دەسەلمێنێت.

٩- دیپلۆماتی سەرکەوتوو پێویستە ڕۆحییەتی مەبدەئو ئامادەبوونی تێدابێت، هەست بەمەسئولییەتیش بکات، ئەگەر هاتوو بارودۆخێك هاتە پێشەوە کە بووەهۆی ئەوەی ئەو دیپلۆماتە دەنگی بپچڕێت لەسەرکردەکەی خۆی، ئەوا دەبێ ئەو دیپلۆماتە خۆی توانای بڕیاردانی گونجاوی لەکاتی پێویستو لەشوێنی خۆیداهەبێت واتا دەبێ خاوەنی بڕیاربێت.

١٠- پێویستە پەیڕەوی تەواوبکات لەبنچینەکانی مەراسیمی پرۆتۆکۆڵاتو وردیشبێت لەجێبەجێکردنیاندا، ئەگەر هاتوو تووشی کێشەیەك بوو لەبابەتێکی دیاریکراودا ئەوا لەو بارەیەوە دەتوانێ پرسیاربکات لەئیدارەی مەراسیمی ئەو وڵاتەی کە کاری تێدا دەکات، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو کێشەکە پەیوەندیی بەو وڵاتەوە هەبوو کە کاری تێدا دەکات.

١١- دیپلۆماتی سەرکەوتوو پێویستە پەیوەندیی برادەرایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ لێپرسراوانی ئەو وڵاتەی کە کاری لێدەکات دروستبکات، بۆئەوەی ماوەی پرسیارکردنی لەسەر زۆر بابەت هەبێت، بەجۆرێك کە تەداخولات نەبێت لەکاروو باری ناوخۆیی ئەو وڵاتەدا، هەروەها بتوانێت لەکاتی پێویستیشدا تەلەفۆن بۆ ماڵەوەیان بکاتو کارەکانی خۆی رایی بکات.

١٢- دیپلۆماتی سەرکەوتوو دەبێ زۆر ئاگاداربێت لەگیروگرفتی مالی (قومار)، تەهریب، ئیتیسالاتی موخابەراتی گومان لێکراوو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەت، ئەوانەش هەموویان پەیوەندییە حەرامەکانی دیپلۆماتی سەرکەوتوون، زۆرجار وایە لەلایەن دامودەزگای تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە دیپلۆماتەکان کاری تێدا دەکەن، هەوڵدەدرێت دیپلۆماتەکان بەیەکێ لەو وەسیلانە ئیغرا بکرێن، دوایش هەموو شتێکیان لەرووی دەنگورەنگەوە تۆماردەکرێت، بەمە هەوڵدەدرێت کە دیپلۆماتەکە بخرێتە ژێر زەختەوە بۆ ئەوەی سەیتەرەی لەسەربکرێت، بۆیە دیپلۆمات دەبێ زۆر ئاگاداری

ئەو حاڵەتانەبێت، ئەگەر هاتوو بەیەکێ لەو هۆیانە زەختی لێکرا، ئەوا دەبێت دیپلۆماتەکە بەزوویی ئاگاداری لێپرسراوی سەرووی خۆی بکاتەوەو روونکردنەوەیەك پێشکەشبکات کە تووشی شتێکی لەو بابەتە بووە، شێوەی رەفتارکردنەکەی خۆشی لەگەڵیدا رونبکاتەوە تاکو لێپرسراوانی سەرووی خۆی ئاگاداری بابەتەکەببنو رێگای چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوەو هاوکاریی بکەن لەتێنەکەوتنی لەو کارەدا.

١٣- دیپلۆماتی سەرکەوتوو دەبێ لەکاتی قسەکردن لەتەلەفۆندا لەو وڵاتەی کە کاری تێدا دەکات زۆر ئاگاداربێت، ئەو راستییەش بزانێت کە هەموو جۆرە قسەکردنێك لەتەلەفۆن لەلایەن سوڵتەی ئەو وڵاتەوە گوێی لێدەگیرێتو تۆماردەکرێت، ناشبێت بەوشەی شاراوەو یان بەشێوەی بروسکە لەتەلەفۆن قسە بکرێت.

١٤- نابێ لەکاتی قسەکردن لەتەلەفۆن باسی دابونەریتی ئەو وڵاتە بکات کە کاری لێدەکات، هەروەها تەعلیقی سلبی لێبدات، یان قسەی لەسەربکاتو یان رەخنەی لێبگرێت،

چونكه ئەمانە دەخرێنە خانەی ئیهانە لەدژی ئەو وڵاتەی كە دیپلۆماتەكە كاری تێدا دەكات.

١٥- دیپلۆمات دەبێ تەنها كاری دیپلۆماسیی خۆی ئەنجامبدات، دووربكەوێتەوە لەهەموو كاروبارێكی ژێربەژێریی كە ئیشی ئەو نییە، چونكە ئەو جۆرە كارانە كەسی شارەزاو تایبەتی خۆیان هەیە كە راهێنانی تایبەتیشیان لەو بارەیەوە ئەنجامداوە.

١٦- دیپلۆماتی سەركەوتوو نابێ بەتەنها پشتبەستووبێت لەسەر بیروهۆشی خۆی، بەڵكو دەبێ لەكاتی كۆبوونەوەو چاوپێكەوتندا تێبینییەكانی خۆی بەرێكوپێكی بنووسێت تاكو راپۆرتێكی وردی هەبێتو هیچ شتێك لەبیر نەكات، ئەگەر ئەوە نەكات رەنگە هەندێ شتی گرنگی لەبیربچێت كە ببێتەهۆی كەموكوڕیی بۆ راپۆرتەكەی، بۆیە لەو حاڵەتانەدا زۆر پێویستە هەموو تێبینییەكان تۆماربكرێن.

١٧- دیپلۆماتی سەركەوتوو دەبێ كارامەو لێهاتووبێت، نابێ خۆی بخاتە مەوقیعێكی وا كە بەرانبەرەكەی بتوانێ قسەی ناشیرینی پێبڵێت، یان بەپێچەوانەوە نابێ خۆی ناچاری ئەوە

بکـات کـە قـسەی ناشـیرین بەبەرانبەرەکـەی خـۆی بلێـت، تەنانەت دەبێت هەوڵی ئەوەبدات کە ئەگەر بەرانبەرەکەشی قسەی ناشیرینی کرد ئەوا پێویستە خۆی لێ لابداتو نەچێتە ئەو شەڕە جنێوەوە.

١٨- دیپلۆماتی سەرکەوتوو نابێ هەموو کونو قوژبنەکان لەبەرانبەرەکەی خۆی بگرێت، بەڵکو دەبێت ماوەی تەراجوعکردن بۆ بەرانبەرەکەی خۆی بهێڵێتەوە، بۆئەوەی بەرانبەرەکەش بتوانێ پارێزگاریی لەڕووی خۆی بکات.

١٩- دیپلۆماتی سەرکەوتوو نابێ بڵێت (یان هەمووی یان هیچ)، واتا نابێ لەپێناوی وەرگرتنی موستەحیلات ئەوەی کە مومکینیشە لەدەست خۆی بداتو بیدۆڕێنی، بەڵکو دەبێ هەنگاو بەهەنگاو بڕواتو شتێك بەدەستبهێنێت، ئینجا هەوڵی شتێکی تر بداتو ئیزافەی بکات، دیپلۆماسی هونەرێکە بۆ وەرگرتنی شتی مومکین بێئەوەی شتە ئەساسییەکانی وەکو کەرامەتو عیزەتی نەفسو شەرەفی وڵاتەکەی خۆت بدۆڕێنی.

٢٠- دیپلۆمات دەبێ تەوازوعی هەبێت، خۆی بەگەورەو زل نەزانێت، لووت بەرزنەبێت.

٢١- دیپلۆماتی سەرکەوتوو نابێ زەعیف بێت بەڵکو زۆرجار دەبێ حاسمبێت، رای خۆی بدات، شتەکان بەزوویی یەکلا بکاتەوە.

٢٢- دیپلۆماتی سەرکەوتوو نابێ لەخۆیەوە رای سەرۆکەکەی بهۆنێتەوەو تەعبیری لێبکات، بەڵکو دەبێ لەپەیوەندیی بەردەوامدابێت لەگەڵیدا، هەروەها دەبێ راستگۆشبێت لەگەڵ سەرکردەکەی خۆیداو شتەکان وەکو خۆی بێ زیادوکەم بگەیەنێ، ئەگەر سەرکردەکەشی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو پرسیاری لێکرد ئەوا تەنها لەو حاڵەتدا پێویستە دیپلۆماتەکە رای شەخسی خۆی بدات لەسەر ئەو بابەتەی کە پرسیاری لێکراوە.

٢٣- دابونەریتی زێڕینی دیپلۆماتی سەرکەوتوو بۆ وڵاتەکەی خۆی ئەوەیە کە بزانێت بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەی خۆی نێردراوە نەك بۆ گەشتوگوزار یان بۆ جێبەجێکردنی ئیشوکاری خۆی، هەروەها ئەو حەسانە

دیپلۆماسییەو ئیمتیازاتانەی کە وەریشی گرتووە دەبێ هەمووی لەخزمەتکردنی وڵاتو گەلەکەی خۆیدا بەکاربهێنێت نەك بۆ شەخسی خۆی کاربکاتو ئیستیغلالیان بکات.

# بەشی پێنجەم:

## دیپلۆماسیو ئیدارەکردنی موفاوەزات

بـەڕێوەبـردنی موفـاوەزات کـارێکی زۆر زەحمـەتو پێویـستی بەبلیمـەتیو عەزیمـەتو لێـزانین هەیـە، بەهەڵـەدا دەچـێت ئەوەی بیربکاتەوە کە گوایـە توندوتیـژیو تونـدکردن لەگـەڵ بەرانبەرەکەتـدا باشـترین ڕێگایـە بـۆ گەیـشتن بەباشـترین بەرهەموئـەنجام، هـەروەها هەڵەشـە ئـەوەی بـیر بکاتـەوە کـە شـلکردنو نـەرمونیانیش لەگـەڵ بەرانبەرەکەتـدا ئـەویش باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بەئەنجامو بەرهەمی باش، چونکە ئـەو کـارە کـاری توندوتیـژیی یـان نـەرمونیانی یـان کـاری تونـدکردنو شـلکردن نییـە، لەهەمانکاتیـشدا (سـپیو ڕەش) نییە یان ئەوە نییە کە بڵێیت یان هەمووی یان هیچ، باشترین چارەسـەری نموونـەیی بـۆ ئیـدارەکردنی مفـاوەزاتو بەڕێوەبردنی ئەوەیـە کـە نـەرمی نوانـدن لەگـەڵ سوورربوونو بڕیار وەرگرتنو زانینی بەرزترینو نزمترین حەدی داواکراو،

ئـــەو هەڵەیـــەی کـــە زۆر بـــاوە پەیوەندییـــە لـــەنێوانی موفـاوەزاتکردنو مـساوەمەکردنـدا لەسـەر بناغـەی ئـەوەی کـە ئەگـەر هـەردوولا رەتـی ئـەوەیان کـردەوە کـە لەسـەر مێـزی موفاوەزات بۆیان دانراوەو رێك نەکەوتن ئەوا پێویستە لەسەر تـــەوەرێك رێـــك بکـــەون کـــە لەناوەڕاســـتی نێـــوانی هەردوولایانـدایـە، واتـا لـەنێوانی ئـەوەی کـە رەتکراوەتـەوە لەگـەڵ نێـوانی ئـەوەی کـە رەزامەنـدیی لەسـەرکراوە، بـەو پێیەش هەردوولا دەگەنـە چارەسـەرێکی نێوانی گونجاو واتـە حـەلی وەسـەت، هەرلەبەرئـەو هۆیەشـە کـە هەردوولایـەنی موفاوەزات لەکاتی مفاوەزاتکردن لەگـەڵ یەکتریدا لەسـەرەتادا زۆر داوا دەکـەنو مـەرجی قـورس بـۆ یـەکتریی دادەنـێنو هەرلایـەك دەیـەوێت گـەورەترین سـەرکەوتن بەدەسـتبهێنێت، بـەڵام پاشـان وردەووردە لـەکاتی دەسـتپێکردن بـەموفاوەزاتو گفتوگـۆکردن لەگـەڵ یـەکتریی خاویدەکەنـەوەو دەسـتدەکەن بەتـەنازوولاتکردن بـۆ یـەکتیریی، ئـەو جـۆرە بۆچـوونو لێکدانەوەیـە بـۆ موفـاوەزاتکردن بەداخـەوە بیرکردنـەوەو حـەقلی دیپلۆماسـی دەگـۆڕێ بـۆ شـێوەی تیجاریوبـازاڕیی،

مفاوەزات بەمانای ئەوەدێت کە تـەعبیرە لـەهێزی راسـتەقینە کــە دەبێــت بــەجۆرێکبێت رەچــاوی بەرژەوەندییــەکانی هــەردوولا بکرێــت، هەرلایــەنێکیش هەســتبکات بەکــەمێك نــارەزایی لەموفاوەزاتکردنەکــە ئــەوا دەکەوێتــە بــەردەم هێرش‌وپەلاماری هێزەکانی ناوەوەی وڵاتەکەی خۆی، لـەنێوان نارەزایی‌و هەستکردنیش بەزوڵم جیـاوازیی هەیـە لەئـەنجامی نــەبوونی بۆچــوونێکی راســتەقینەوەو نــەبوونی دووربــینی لەداهاتوودا لەلایەن لایەنـە بەهێزەکـەوە، چونکە هەرکەسێك هەســت بــەزوڵم‌و زۆری بکــات لــەنزیکترین فرســەتەوە هەوڵدەدات بۆ ئازادکردنی خـۆی لـەو جـۆرە ئیلتیزاماتـەی کـە بەمەجبوورییەوە ئیمزایکردووە بۆ ئەوەی بتوانێت هەنـدێك لەو مافانەی خۆی لەرێگای مفاوەزاتەوە وەربگرێتەوە.

## بەشی شەشەم:

## ئەرکی دیپلۆماتی لاو لەسەفارەتدا

ئەنجامـدانی کـاری دیپلۆماسـی لـەدەرەوەی وڵات بـەکارێکی گرنگو پیرۆز بۆ خزمەتکردنی نیـشتمان دەژمێردرێـت، بۆیـە دیپلۆماتی لاو یان گەنـج زۆر بەرپرسیارێتی قورسی دەکەوێتە سەرشـــان، هـــەروەها دەبێـــت تـــەواوی کـــاتی خـــۆی بـــۆ جێبـــەجێکردنو ئەنجامـــدانی ئـــەو کـــارە تـــەرخان بکـــات، زۆرجاریش هەیە دیپلۆماتی لاو جگە لەکارە دیپلۆماسییەکانی هەندێ کـاری تایبـەتی پێدەسـپێردرێت لەسـەفارەتدا، ئـەویش ئامـادەکردنو سەرپەرشـتیکردنو وەرگـرتنو تەسـلیمکردنی جانتـای دیپلۆماسـییە، ئـەو کـارەش کـارێکی زۆر وردو گرنگـە، پێویـستە بەدیقەتـەوە ئەنجامبـدرێت، بـەجۆرێك کـە دەبـێ دیپلۆماتــە گەنجەکــە زۆر هۆشــیارانە هەڵسوکــەوت بکــات بەتایبــەتی لەکاتێکــدا کــە دەچــێت بــۆ فڕۆکەخانــە بــۆ پێــشوازیکردن لەهــەڵگری جانتاکــەو چــۆنیەتی وەرگــرتنی، هــەروەها خــۆ دڵنیــاکردنی لــەمۆر داخراویــیو دانــەخراویی

جانتاکـه پـێش وەرگرتنـیو دووبـارە بردنـەوەی بەشـێوەیەکی زۆر ڕێكوپێـــك بـــۆ دەســـت لێپرســـراوەکەی خـــۆیو تەسلیمکردنی، دوابەداوی ئەوەش ئەو بەشـەی کـە پێویـستیان پێـی نامێنـێ دەبێـت بـەزوویی بخرێتـە شـوێنی خـۆی، واتـە شــوێنی هــەڵگرتنی لەئارشــیفدا، پاراستنەکەشــی پێویــستە لەقاســـەیەکی داخـــراوی شـــفرەکراوبێت لەباڵەخانـــەی سەفارەتیش دابنرێت، کارێکی گرنگی تر دیپلۆماتی گەنج یـان لاو ئەوەیــە کــە دەبێــت بــەووردی چــاودێریی کاروبــاری پارێزگارەکانی پارێزەری باڵەخانـەی سـەفارەتو مـاڵی سـەفیرو تــەواوی دیپلۆماتــەکانی تــر بکــات، ئــەویش بەمەبەســتی پاراســتنیان لەهــەموو جــۆرە هێرشودەســتدرێژییەك بــۆ ســەریانو بزانێــت ئــاخۆ پارێزگارەکــان ئەرکــەکانی خۆیــان بەتــەواوی ئــەنجامو جێبەجێدەکــەن یــان کەمتەرخــەمیی لەکارەکانیانـدا هەیـە، جگەلەمـەش پاراسـتنی قاسـەی کاغـەزو ئەوراقە تایبەتییەکانو هەلگرتنی شفرەی تایبەتو کردنەوەو داخستنەوەکەشی لەهەموو کاتێکدا دەبێ باش پارێزراوبێتو دیپلۆماتەکـــەش زۆر بەچـــاکی پارێزگارییـــان لێبکـــاتو

لەدەستێکی ئەمینو باوەڕپێکراوی تەواوادابێت، هەروەها هەموو جۆرە بروسکەی هاتوو رۆیشتوویش لەو شوێنەدا هەڵدەگیرێتو پارێزگاریی لێدەکرێت، چ ئەوانەی لەوڵات دێن یان ئەوانەی بۆ وڵات رەوانە دەکرێن، لەکاتی هاتنی بروسکەی شوفرەکراوی شەوبێت یان رۆژ پێویستە دیپلۆماتی گەنج زوو خۆی بگەیەنێتە باڵەخانەکەو ئەو بروسکانە حەلبکاتو بیداتە لێپرسراوەکەی خۆی، بێئەوەی تەلەفۆن بەکاربهێنی، چونکە تەلەفۆنات هەمووی گوێی لێدەگیرێتو تۆماردەکرێت، تەنانەت لەسەر دەمی ئێستادا بەهۆی تەکنیکی نوێوە شەپۆلەکانی دەنگ تۆماردەکرێنو گرنگ نییە بەچ تەلەفۆنێك یان بەکام دەزگا قسەدەکرێت، بەڵکو بەهۆی شەپۆلەکانی دەنگ دامودەزگا تایبەتییەکان یەکسەر شوێنەکەو خاوەنی دەنگەکە دەناسرێتەوە، بۆیە بۆ دیپلۆماتەکان قسەکردن لەچاكوچۆنیو گفتۆگۆی ئاسایی زیاتر نابێ هیچ جۆرە قسەیەکی تر لەتەلەفۆندا بکەن، ئەو بروسکانەی کە دێتو رەوانەیش دەکرێن دەبێت ناوەناوە بسوتێنرێن، هەڵبەتە دوای تۆمارکردنی ژمارەو رۆژەکانیان،

هــــەروەها زووبــــەزوویش شــــفرەکانیان بگــــۆڕدرێن‌و تــــازە بکرێنــــەوە، هــــەموو ئــــەو ئیش‌وکارانــــە لەگــــەڵ چــــەندین ئیش‌وکاری تریشدا دەکەونە سەرشانی دیپلۆماتی گەنج وەکو هەوڵدان بۆ پەیداکردنی دۆست‌و پەیوەندیی دروستکردن لەگەڵ برادەرو سەفارەتەکانی تر، بەتایبەتیش لەگەڵ خەڵکانی سەر بەوەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی کە لێی میوانن‌و کاری تێدا دەکەن، ئەوەش بەهۆی ئەو داوەتنامانە دەبێت کە لەکاتی کارکردنیاندا لەسەفارەتەکانی تر بۆیان دێن بەهۆی جەژنە نەتەوایەتییەکان‌و موناسەباتەکانی هاتن‌و رۆیشتنی دیپلۆماتەکان‌و بەشداریکردنیان لەو ئاهەنگانەدا کە تیایاندا ژمارەیەکی زۆر لەسەفیرو دیپلۆمات‌و بازرگانەکان‌و کەسایەتی سیاسی‌و شەخسیاتی ئیعلامیی‌و خەڵکی رۆشنبیرو خوێندەوار بەشداریی تێدا دەکەن‌و بیرورا لەگەڵ یەکتریدا دەگۆڕنەوەو یەکتر دەناسن، زۆربەی ئەو ئاهەنگانەش سەفارەتەکان خۆیان پێی هەڵدەستن‌و هەفتە نییە دووسێ دەعوەتنامەمان بۆ نەیەت، دیپلۆماتی گەنج ئیش‌و کارەکانی ئەوەندە زۆرن، بۆیە نەبوونی کات رێگای ئەوەی پێنادەن کە

بگەڕێت بەداوی سەیرانو رابوادرندا، بەڵکو دەبێ بەزوویی بگەڕێتەوە ماڵەوەو پشویەك بداتو پاشان خۆی خەریك بكات بەخوێندنەوەی كتێبێك تاكو بتوانێ ئاستی رۆشنبیریی خۆی زیادبكاتو لەبرادەرەكانی تری دانەبڕێتو لەگەڵ پەرەسەندنی زانستو زانیاریی بۆ پێشەوە هەنگاوبنێتو رۆژبەڕۆژ خۆی زیاتر پێبگەیەنێتو گەشە بكات.

دیپلۆماتی گەنج ئەگەر خێزانی هەبێت ئەوا زۆر ئاسوودەتر دەبێتو سەركەوتنی زیاتریش لەكارەكانی بەدەستدەهێنێ، چونكە بەهۆی خێزانەكەی كۆمەڵێك پەیوەندیی كۆمەڵایەتی دروستدەكاتو لەگەڵ خەڵكانی تر گرێی دەدات لەناوەندی دیپلۆماتەكاندا، خۆئەگەر خێزانیشی نەبێت ئەوا كۆمەڵێك ئەركی تری بۆ زیاد دەبێت كە پێویستە خۆی ئەنجامیانبدات، لەوانە خواردن ئامادەكردنو جل شتنو ئوتوكردن، بۆیە باشتر وایە دیپالۆماتی گەنج زوو بیر لەپەیداكردنی هاوسەرێكی ژیان بۆ خۆی بكاتەوە، چونكە جگە لەدروستكردنی خێزان چەندین سوودی تریشی هەیە كە بریتیین لە:

١- دروســـتكردنی پەیوەندییـــە كۆمەڵایەتییـــەكان لەگـــەڵ دیپلۆماتو خێزانی دیپلۆماتەكانی تردا.

٢- دوای تەواوبونی كارەكەیو گەڕانەوەی بۆ ماڵـەوە هەست بەئارامییو ئاسوودەیی زۆر دەكات دوور لەغەریبیو تەنیایی.

٣- پێویست ناكات هەمیشە بیر لـەخواردنو پێویـستییەكانی تری ماڵ بكاتەوە.

ئەمانـــەش هـــەمووی هۆكـــاری ســـەركەوتنی دیپلۆماتـــە گەنجەكانن لـەئیشو كـارە دیپلۆماسـییەكانیان، بۆیـە بەشـێكی زۆری ســـەركەوتنی هـــەموو دیپلۆماتـــە ســـەركەوتووەكان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێكوپێكیو ژیریی هاوسەرەكانیان.

## بەشی حەوتەم:

### چۆن دیپلۆماتی گەنج دەستنیشانی هاوسەری خۆی دەکات

دیپلۆمـــاتی گـــەنج وا چـــاکە لـــەکاتی دەستنیـــشانکردنی هاوسەرەکەی رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

١- دیپلۆماتی گەنج دەبێ هاوسەرێکی گونجاوی رێكوپێکی ئـەوتۆ بدۆزێتـەوە کـە لـەڕووی کۆمەڵایـەتیو ئاسـتی ژیانـدا لەئاســـتی خۆیـــدابێت. نابـــێ هاوســـەرەکەی لـــەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە ئاسـتی لـەخۆی زیاتربێـت یـان کـەمتربێت، باشـترین شـت ئەوەیـە کـە هـەردووکیان لەیـەك ئاسـتدابن، ئەگـەرنا لـەژیانی غەریبایـەتیو دووره وڵاتییـان کـە زۆر سـەختو دژواره تووشـی جۆرەهـا کێـشەو تەنگوچـەڵەمە دەبن.

٢- هاوســـەری دیپلۆمـــات بەرپرســـیاریەتێکی گـــەورەی دەکەوێتە سەرشان، ئەویش ئیلتزامکردنە بەهەموو رێنمـاییو بنـــەماکانی مەراســـیمو پرۆتۆکـــۆلاتو پابەندبوونـــە پێیـــان.

لەبەرئەو هۆیانە ئەو جۆرە شووکردنە سەفرەیەکی سیاحی خۆش یان نیشتەجێبوونێکی بێوێنە نییە بۆ ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچن، بەڵکو ئەوە کارێکی گرنگەو فیداکاریی‌و خۆماندوکردنێکی زۆریشی دەوێت بەتایبەتی لەلایەن خانمەکەوە ئەویش لەپێناوی سەرکەوتنی هاوسەرەکەیدا.

٣- هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان دەبێت بەجۆرێك بێت نە زۆرکراوە بێت بگاتە ئاستی سەربەستییەکی زۆرو خۆی وا پیشانبدات کە زۆر مۆدێرنە، نە توندڕەوێکی دینی بێت کە نەتوانێ لەگەڵ ژیانی هاوسەرەکەیدا بگونجێت بەڵکو لەنێوان هەردوو ئاستەکەدابێت، بەشێوەیەك کە لەهەموو لایەکەوە پێشوازیی لەڕەفتارو خوو رەوشتی بکرێت.

٤- هاوسەری دیپلۆماتەکە ئەگەر بێت‌و زمانێکی بێگانە بزانێت بەتایبەتی ئینگلیزی، ئەوا هۆکارێکی ئیجابی زۆر باشدەبێت بۆ سەرکەوتنی پیاوەکەی لەجێبەجێکردنی ئەرکە دیپلۆماسییەکانیدا.

٥- دیپلۆماتی گەنج لەکاتی هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیدا دەبێت حسابی ئەوە بکات کە هەمیشە ئەرکەکانی ناکەوێتە

پایتەختەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپا، بەڵکو هەندێجار دەنێردرێتە وڵاتەکانی تریش کە رەنگە لەهەندێ وڵاتی ناخۆشیش دابنرێت کە وا پێویستبکات رۆژانە حەبی مەلاریا بخوات یان تووشی دزیو لێدانو کێشەببێت، بۆیە دەبێت ئەو هاوسەرەی کە هەڵیدەبژێرێت هەم بەرگەی ناخۆشی بگرێتو هەمیش خانمێکی بەئیرادەو بەتواناو لێهاتووبێت.

٦- ئەو خانمەی کە دەبێتە هاوسەری دیپلۆماتێکی گەنج نابێ داوای ئەوەبکات کە ماڵەکەی بەتەنیشت ماڵی باوکییەوەبێت یان لەگەڕەکی ئەوان یان شاری ئەوانەوەبێت، چونکە دیپلۆماتەکە ئیشوکارەکانی دەکەوێتە دەرەوەی وڵاتەکە، بۆیە ئەگەر ئەو جۆرە داخوازییانەی هەبێت ئەوا هەم ژیانی خۆیو هەمیش ژیانی هاوسەرەکەی ناخۆشو قورسدەکاتو هەر لەیەکەم مانگی کە دەچنە وڵاتێکی ترەوە رووبەڕووی کێشەو گیروگرفتی زۆر دەبنەوە. ئەوکاتەش دەبێ هاوسەرەکەی بگەڕێنێتەوە وڵاتەکەی خۆیان لەبەر وابەستەیی بەدایكوباوكو کەسوکارەکەی.

٧- دیپلۆماتی گەنج دەبێ خانمێکی وا هەڵبژێرێت کە ڕەچاوی دابونەریتی ئەو وڵاتە بکات کە میوانە تیایدا لەگەڵ پاراستنی دابونەریتی وڵاتەکەی خۆشیان، نەوەکو تووشی کۆمەڵگەیەکی ترببێت کە دابونەریتەکەی وای لێبکات تووشی سەدمەیەکی ناخۆش بێتو ڕەدفعل بیگرێت.

٨- ئافرەتەکە دەبێ خانمێکی دڵفراوانبێتو توانا و قابیلیەتی فیداکاریی هەبێتو بتوانێ لەکەسوکاریشی دووربکەوێتەوە، هەر کێشەو گیروگرفتێکیشیان هاتە پێشەوە خۆیان یارمەتیدەری خۆیان بنو بەیەکەوە چارەسەرەی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، چونکە خۆیان لەوڵاتی خۆیان دوورن، دەبێ هەردوولا لەگەڵ یەکتریی زۆر باش بن.

٩- دەبێ دیپلۆماتە گەنجەکە راستگۆبێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەر لەسەرەتاوە هەموو شتێکی بۆ باسبکات بەوەی کە ناتوانێ هەموو شتێکی داواکراو لەلایەن خانمەکەیەوە جێبەجێبکاتو هەرچی ویستی دەتوانێ بۆی بکاتو بکرێت، بەڵکو سەرەتا ناتوانن ژیانێکی زۆر بەرەفاهیەتەوە بەسەرببەن بەڵکو ماوەیەکی دەوێت تاکو

جێگـاو رێگـای خۆیـان دەگـرن، لەدوایـدا ژیـانو گوزەرانیـان بەرەو پێشەوەدەچێتو وردەوردە باشتردەبێت.

١٠- هاوسەری دیپلۆماتە گەنجەکە دەبێ خانمێکی ئـەوتۆبێت کـە بتوانـێ خۆشەویـستی خـەڵك بـۆ خـۆی بەدەسـتبێنێتو پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتی باشـیش دروسـتبکات، تـاکو ژیـانی خـۆیو هاوسەرەکەشـی ئاسـانتربکات. بـەڵام ئەگـەر خانمەکـە هاوبەشی هاوسەرەکەی نـەکرد لـەژیانی رۆژانەیانـداو تێکـەڵاو نـەبوو لەگـەڵ کەشـی دیپلۆماسـیدا ئـەوا لـەو حاڵەتـەدا هـەم ژیانی خۆی هەمیش ژیانی مێردەکەی قورسو ناخۆشـدەکات، بۆیـە پێویـستە لەهـەموو رویەکـەوە یارمەتیـدەرێکی باشـی هاوسەرەکەی خۆی بێت.

١١- خانمەکـە نابـێ دڵـی لەهاوسـەرەکەی خـۆی پیـسبێت بەتایبـەتی کـە دیپلۆماتـە گەنجەکـە هەنـدێجار لەناوەنـدی دیپلۆماسـیدا دەبـێ موجامەلـەی بەرانبەرەکـەی خـۆی بکـات، بـەڵام ئـەوەش دەبـێ هـەر تـەنها بـۆ موجامەلـەکردن بێـتو هیچیتر.

## بەشی هەشتەم:

### مەراسیمی نێردراوە دیپلۆماسییەکان یاخود دیپلۆماتەکان

کەسایەتی دیپلۆماسی یاخود دیپلۆمات هەر لەخۆیەوە کارناکات بەڵکو مومارەسەی ئیش‌وکارە دیپلۆماسییەکانی خۆی لەچوارچێوەی مەراسیم‌و دابونەریت‌و یاسا بەرزەکاندا ئەنجامدەدات، بەتایبەتیش ئەو دابونەریت‌و یاسایانەی کە یاساو رێسای نێودەوڵەتی بڕیاری لەسەر داون، واتا بەشێوەیەکی زۆر دیپلۆماسییانەو سەرکەوتوو باش ئەو دابونەریتە تەقلیدییە بۆ وڵاتەکەی خۆی لەدەرەوە نوێنەرایەتی دەکات.

**مەراسیم:**

بریتییە لەکۆمەڵێك لێپرسینەوەو داب‌ونەریتی بنەماکانی لیاقەت کە بەسەر هەموو دەوڵەتان‌و ڕەفتارو پەیوەندییە دەوڵەتییەکاندا دەچەسپێت، ئەو ڕێزو حورمەتەی کە لەدیپلۆماتەکان دەگیرێت لەو وڵاتانەی کە لێی میوانن ئەوە بۆ کەسایەتی خۆیان نییە، بەڵکو ڕێزگرتنە لە وڵاتەکانیان، لەسەردەمی ئەمڕۆماندا زۆربەی زۆری وڵاتان دەستیانکردووە بەئاسانکردنی مەراسیمی پێشوازی دیپلۆماتەکان، بۆ نموونە لەڕۆژێکدا سەرۆك وڵات پێشوازی لەچەندین سەفیردەکات بۆ وەرگرتنی ئەوراقی ئیعتیمادیان. هەروەها مەوکیبی هاتنی سەفیر بۆ لای سەرۆك وڵات زۆر لەجاران زیاتر ئاسانکراوە. ئەوەنەبێ هەندێ دەوڵەت هەن کە تاکو ئێستا پابەندن بەهەندێ مەوکیبی تەقلیدیی پێشووی خۆیان لەوانەش ئینگلتەرەو ئیسپانیاو ژاپۆن بەو شێوەیەی کە سەفیر سواری عەرەبانەیەك دەبێت کە چەند ئەسپێك رایدەکێشن لەگەڵ ئەندامانی سەفارەتەکەی خۆیدا لەچواردەوریشیدا چەند ئەفسەرێك بەسواری ئەسپەوەو بەجل‌و بەرگی ڕەسمی دەڕۆن

بەیەکەوە تاکو دەیگەیەننە پێش دەرگای سەرۆك کۆمار یان دەرگای مەلیك تاکو ئەو شوێنە پارێزگاریی دەکەن.

## پلەکانی نوێنەرە دیپلۆماسییەکان یان دیپلۆماتەکان:

١- **سەفیرەکان:**

نوێنەری دیپلۆماتی یەکەم، پلەی سەفیری پایەبەرزیان پێدەگوترێت، ئەو سەفیرەش لەلایەن خودی سەرۆك وڵاتەوە هەڵدەبژێردرێتو نوێنەرایەتی سەرۆك وڵات لای وڵاتە میوانەکە دەکەن، سەفیرەکە بەهۆی ئەو بەڵگانەی کە هەڵیدەگرێت وەکو ئەوراقی ئیعتیمادو کیتابی تەخویلکردن لەپێناوی هەڵسان بەو کاروبارانەی کە سەرۆك کۆمار پێی دەسپێرێتو بۆشی هەیە لەگەڵ وەزیری دەرەوەو یاریدەرکانی ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچێت هەڵسوکەوت بکاتو پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێت، هەروەها سەفیر (٤)ساڵ دەمینێتەوە لەو وڵاتەی کە کاری لێدەکات، مافی ئەوەشی هەیە ئەگەر بیەوێت ماوەیەکی زیاتر لەوڵاتێکدا بمێنێتەوە ئەوا

بـــۆی هەیـــە داوای ســـاڵێکی زیـــادە بکـــات، بـــەڵام بڕیـــاری ڕەزامەندیی لەدەست وەزارەتـی دەرەوەدایـە، پـاش تـەواوبونی مـــاوەی کارکردنەکـــەی دەبـــێ بڕواتـــە وڵاتێکـــی تـــر، ســـەفیر لەهەندێ وڵاتدا ڕۆژانە کۆبوونەوە لەگەڵ ستاف سەفارەتەکەی خـۆی دەکات، بـەڵام لەهەنـدێ وڵاتـدا تـەنها هەفتـەی جارێـك تاکو سێ جار کۆبوونـەوە لەگـەڵ سـتاف سـەفارەتەکەی خۆیـدا دەکات، بەپێی ڕێنماییەکانی وڵاتەکەی خۆی.

## ٢- نوێنـــەرەکانو وەزیـــرە کـــار پێـــسپێردراوەکان (وەزیـــری مفەوەز):

ئـــەوە پلـــەی دووەمـــی دیپلۆماســـیە لـــەدوای ســـەفیر دێـــت؟ پێیدەوترێت وەزیری کار پێسپێردراو.

MininsterPlenipotentiary یـــان نێـــــردراوی پایەبـــەرز EnvoyExtraordinary ئەمـــەیان زاراوەیـــەکی کـۆنو تەقلیدییـەو هـیچ ئیمتیـازێکی تایبـەتی نییـە، تـەنها ئەوەنـــەبێت کـــە لـــەڕووی مـــەزاهیرو ڕوخـــسارەوە گرنگیـــیو گەورەیی وڵاتەکەی خۆی پیشاندەدات، ئەوەش هەموو وڵاتێك

**ناتوانێ بیكات، چونكه تەكلیفو دارایی و سەرفیاتی یەكجار زۆرە.**

**٣- وەزیرە نیشتەجێكان Minister Resident:**

**ئەوانەش بەپلەی دووەمی دیپلۆماسی دێن و نوێنەرایەتی سەرۆكی وڵاتەكەیان ناكەن، بەڵكو نوێنەرایەتی وڵاتەكەیان و حكومەتەكەیان دەكەن بۆ ئەو كارانەی كە پێیان رادەسپێردرێت.**

**٤- هەڵسورێنەری كاروبارەكان (Charge d affaires):**

**ئەو جۆرە دیپلۆماتانە لەلایەن وەزیری دەرەوە وەرەقەی ئیعتیمادیان دەدرێتێ و هەرلەلایەن خودی وەزیری دەرەوەی وڵاتەكانی خۆشیانەوە بڕیاریان بۆ دەردەچێت، هەروەها دەتوانێت ببێتە سەرۆكی ستاڤی هەموو دیپلۆماتەكانی وڵاتەكەی خۆی لەو وڵاتەی كە بۆی دەچێت، واتا لەوێدا كەسی یەكەم دەبێت. جیاوازیش هەیە لەنێوان هەڵسوڕێنەری كاروبار، وجێگرەكەی كە پێیدەوترێت جێگری هەڵسوڕێنەری**

کاروبارەکان واتە (قائم بالأعمال بالنیابة)، لەکاتی ئەوەشدا هەڵسورێنەری کاروبار کە سەرۆکی ستافی سەفارەتەکەیە کۆتایی بەکارەکانی خۆی دێنێتو دەبێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی ئەوا لەو بارودۆخەدا پێویستە نامەیەك بنووسێت بۆ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەی کە لێی مێوانەو پێیبڵێت کە فلانە کەس هەڵدەستێت بەهەڵسوڕاندنی کاروبارەکان بەنوێنەرایەتی خۆی، واتا (قائم بالأعمال بالنیابة)، بەڵام خۆی ناتوانێ بڕیارو ئەمری بۆ دەربکات چونکە بڕیارەکە دەبێ لەلایەن وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیەوە دەربچێتو ئیمزابکرێت.

## بەشی نۆیەم:

### کارەکانی نێردراوە دیپلۆماسییەکان یاخود دیپلۆماتەکان

دەقـــی رێکەوتننامـــەی ڤێنـــای ســـاڵی ١٩٦١ دەربـــارەی کاروبارەکانی نێردراوە دیپلۆماسییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١- نوێنەرایەتیکردنی وڵاتەکەی خۆی لەلای ئەو وڵاتـەی کـە لێی میوانە یان کاری تێدادەکات.

٢- پارێزگـاریی‌و پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانی وڵاتەکـەی خـۆی لەگـەڵ پاراسـتنی هاوڵاتیـانی وڵاتەکـەی خـۆی کـە لـەو وڵاتە میوانەدا دەژین‌و دەبێت چاودێریی تەواویان بکات.

٣- گفتوگـۆکردن لەگـەڵ حکومـەتی ئـەو وڵاتـەی کـە کـاری تێدادەکات.

٤- ئاگادارکردنەوەی وڵاتەکەی خۆی لەسەر ئەو رووداوانـەی کـە رۆژانـە لـەو وڵاتـەدا روو دەدەن بەرەچـاوکردنی هۆکـاری گونجاو بۆ ئەو مەبەستە.

٥- قوڵکردنەوەی پەیوەندیی دۆستانەو پتەوکردنی لەگەڵ گەشەپێدانی پەیوەندییەکان لەڕووی سیاسیو ئابووریو کلتووریو زانستیو سەربازی لەنێوان هەردوو وڵاتدا.

٦- ستافی دیپلۆماسی دەتوانێ جگە لەنوێنەرایەتیکردنی وڵاتەکەی خۆی نوێنەرایەتی وڵاتێکی تریش بکات کە کێشەی هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە کاری تێدادەکات، بۆ نموونە ئێستا سەفارەتی سویسرا لەتاران نوێنەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش دەکات جگە لەوڵاتەکەی خۆیان.

**سەرۆکی نێردراوی دیپلۆماسی:**

ئەو کەسەیە کە لەلایەن حکومەتەکەیەوە هەڵبژێردراوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی ستافی دیپلۆماسی وڵاتەکەی خۆی لای وڵاتەکەی کە بۆی دەچێت، بێگومان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچێت، هەر خۆشی بەرپرسە لەپێش حکومەتەکەی خۆیو حکومەتی ئەو وڵاتەی کە کاری تێدا دەکات، هەروەها لێپرسراویشە لەسەر هەموو هەڵسوکەوتێکی کە پەیوەندیی هەبێت بە ستافی دیپلۆماسیەکەی لەگەڵ هەموو ئەو مەکتەبە فەرعییانەی کە ڕەبتیان پێوەی هەیە، وەکو مەرکەزی ڕۆشنبیریی یان کتێبخانە یاخود قونسولیەتێکی تر کە لەشارێکی تردا کاروبارەکانی خۆی ئەنجامدەدات، یان قوتابخانەیەکی خوێندن، ئەوانەش هەمووی پەیوەندییان بەسەرۆکی نێردراوەکەوە هەیە. هەر ئەویش لەهەموو کاروبارەکاندا بەرپرسیارە لەبەرانبەر لێپرسراوانی سەروی خۆیدا.

**مافی دەوڵەت لەدامەزراندنی نێردراوی دیپلۆماسی:**

هەر وڵاتێك سەربەخۆبێتو سەربەخۆیی خۆی هەبێت، بۆی هەیە پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی تر دروستبکاتو پەیوەندیی دەرەوەی خۆی لەگەڵ وڵاتانی تر لەڕێگای نوێنەرایەتی دیپلۆماسی ڕێك بخات، ئەمەش روخسارێکی گرنگە لەڕووخسارەکانی کەسایەتی هەر دەوڵەتێك، هەموو دەوڵەتێك مافی خۆیەتی لەوڵاتەکانی تر نوێنەرایەتییەك بۆ خۆی دابنێتو دابمەزرێنێت، هەروەها مافی خۆشیەتی لەگەڵ هەندێ وڵاتی کە نایەوێت پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەبێت، پەیوەندیی دروست نەکات. ئەگەر هاتوو دەوڵەتێك نوێنەرەکەی خۆی نارد بۆ وڵاتێکی تر مەرج نییە، لەهەمانکاتدا ئەو دەوڵەتەش نوێنەرەکەی خۆی بۆ ئەو وڵاتە بەپەلە بنێرێتو نوێنەر بگۆڕێتەوە، لەپێش ناردنی نوێنەریش بۆ هەر وڵاتێك پێویستە پێشەکی رەزامەندیی ئەو وڵاتەی کە نوێنەرەکەی بۆ دەنێردرێت وەربگیرێت ئینجا ئەو نوێنەرە رەوانەبکرێت، واتە وڵامی رەسمیی دەبێت بەنووسین لەئارادابێت بۆ رازیبوون لەسەر ناردنی نوێنەرەکە، دەوڵەتی

میوانیش واتە ئەو وڵاتەی کە نوێنەرەکەی بۆ دەنێردرێت مافی ئەوەی هەیە کە رەفزی ئەو نوێنەرە بکاتەوەو قبوڵی نەکات لەحاڵەتی کە پێویستیکرد، هەروەك بەپێی رێکەوتنامەی ڤێننناش وڵاتی میوان مافی خۆشییەتیو پێویستیش ناکات کە سەبەبو هۆی رەفزکردنو قبوڵنەکردنی نوێنەرەکەش رابگەیەنێت، هۆکانی رەفزکردنیش لەرێکەوتنناماەو بەڵگەکانی ڤێنناادا هاتووە کە بریتین لە: کێشەی شەخسی، دابونەریتو سومعەی خراپ، دەست تێکەڵبوونی لەکاری ژێربەژێریو پلانگێڕان، یاخود بەکەسایەتییەکی نارەحەت حساب بکرێت، یان ئەنجامدانی هەندێ کاری کە دورن لەدیپلۆماسی وەکو فرفێڵو تەهریبو تیجارەتی قەدەغەکراوو رەفتار لەگەڵ ئافرەت، ئەوانە هەموویان هۆکارو سەبەبی رەفزکردنو قبوڵنەکردنی ئەو جۆرە نوێنەرانەن کە ئەو سیفاتانەیان تێدا بەدیبکرێت.

بێدەنگیی دەوڵەتی پێشوازیکار لەتاخیربوونی وڵامی قبولکردنی نوێنەرەکە بەمانای رەزامەندی نییە، بەلکو رەزامەندیی خێرا زۆر گرنگە بۆ قبولکردنی نوێنەر.

نوێنـەری دیپلۆماسـی بەئـەرك‌وكارەكانی خـۆی هەڵدەسـێت لەپێناوی خزمەتكردنی وڵاتەكەی خۆی لەو وڵاتەی كە تیایدا میوانەو كاری تێدا دەكات، ئەوەش لـەڕێگای وەزیـری دەرەوەی وڵاتەكەی كە پێشوازیی لێدەكات واتە وڵاتی میـوان دەبـێ ئـەو نوێنــەرە دیپلۆماسـییە زۆر ئاگـاداری پەیوەندییـەكانی نێـوان هـەردوو وڵات بێـت، هـەروەها پارێزگـاریی بەرژەوەندییـەكانی وڵاتەكـەی خـۆی بەباشـی بكـات‌و شـتە گرنگـەكانی كـە رۆژانـە دێنــە پێــشەوەو هــەن یــەك بەیــەك بەحكومەتەكـەی خـۆی رابگەیـەنێت. سـەرۆكی نێـردراوی دیپلۆماسـیش پێویـستە زۆر رێــز لــەرینمایی وەزارەتــی دەرەوەی خــۆی بگرێــت‌و كاریــان پێبكــات، لەخۆیـــەوەش جم‌وجـــوڵ نـــەكات‌و هەڵـــسوكەوتی شەخسی خۆی دەرنەبڕێت، ئەگەر هاتوو رای خۆی لەگەڵ رای وەزارەتـی دەرەوەی وڵاتەكـەی خـۆی یـەك نـەبوو ئـەوا دەبـێ هەوڵبدات وەزارەتی دەرەوەی خۆی رازیبكـات بەڕاكـەی خـۆی، ئەگـەریش پێـی رازینــەكرا ئــەوا دەبــێ پــەیڕەو لەسیاســەتی حكومەتەكـەی خـۆی بكـات‌و ئـەو سیاسـەتەی كـە وەزارەتـی دەرەوە پێـی دەڵێـت دەبـێ ئـەوە وەكـو خـۆی جێبـەجێبكات‌و

پارێزگاریی‌و بەرگریی تەواو لەهەڵوێستی حکومەتەکەی خۆی بکات‌و نابێت گۆشەگیربێت بەهیچ شێوەیەك بەڕاکانی خۆی.

## بەشی دەیەم:

### مەراسیمی دامەزراندنی نوێنەری دیپلۆماسی (سەفیر)

ئەگەر هاتوو نوێنەری دیپلۆماسی لەپلەی سەفیردابوو ئەوا لەو حاڵەتەدا بڕیاری کۆماری لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە دەردەچێت بۆ دامەزراندنی لەگەڵ دیاریکردنی پلەکەیو دەستنیشانکردنی ئەو پایتەختەی کە دیپلۆماتەکەی بۆ رەوانەدەکرێت، ئەو بڕیارەش لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە بەوەزارەتی دەرەوە رادەگەیەنرێت، پاش ئەوە وەزارەتی دەرەوە داوای قبوڵکردنی ئەو سەفیرە لەو وڵاتە دەکات کە سەفیرەکەی بۆ دەنێردرێت، ئەوەش لەڕێگای ئیدارەی مەراسیمەوە دەبێت، بەمەش دەوترێت (agreement).

پاش وەرگرتنی رەزامەندیی تەواو لەو وڵاتەی کە سەفیرەکەی بۆ دەنێردرێت ئینجا دەتوانرێت رابگەینرێت کە فلانەکەس بۆتە سەفیری فلانە وڵات، ئەگینا پێش ئەوە نابێ هیچ شتێك لەو بارەیەوە رابگەیەنرێت، دوای وەرگرتنی رەزامەندییو قبوڵکردنی سەفیرەکە، ئینجا ناوبراو ئەوراقی

ئیعتیمـادی خـۆی کـە لەلایـەن سـەرۆك کۆمـاری خۆیـەوە ئیمزاکراوە دەبات بـۆ ئـەو وڵاتـەی کـە بـۆی دانـراوە، بێگومـان دوای وەرگرتنی کات لای سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتەی کـە بـۆی دەچـێت، ئینجـا دەتوانێـت بـچێت بـۆ زیـارەتکردنی سـەرۆك کۆمارو پێشکەشکردنی بڕوانامـەی خـۆی (ئـەوراقی ئیعتیمـاد) لەگەڵ نامەیەکی تریش بۆ نـاردنی نوێنـەری ئـەو وڵاتـەی کـە لێیەتیو چۆنیەتی رەوانەکردنی نوێنەر بۆ وڵاتەکەی خۆی.

کاتـێ نوێنـەری دیپلۆماسـی پلـەی(قـائم بالأعمـال) واتـە کارپێسپێردراو دەبێت، ئەوا لـەو حاڵەتـەدا نامـەی ئیعتیمـادی خـۆی لـەوەزیری دەرەوەی وڵاتەکـەی خۆیـەوە وەردەگرێـتو پێیـدەبێت، نامەکـەش دەبـێ بداتـە وەزیـری دەرەوەی ئـەو وڵاتەی کە بۆی دەچێت.

### قونسول:

هەرچـی قونـسولە نامـەی ئیعتیمـادی پـێ نییـە، چـونکە قونسوول نوێنەرایەتی وڵاتەکەی خـۆی ناکـات لـەدەرەوە، هـەر لەبەرئـەو مەبەستەشـە ئـەوان تـەنها کۆمـەڵێك دەسـەڵاتیان

پێـــدەدرێت بـــۆ ئـــەو کارانـــەی کـــە حکومەتـــەکانیان پێیـــان دەسپێرن.

نوێنەری دیپلۆماسی پێش سەفەرکردن بۆ ئـەو وڵاتـەی کـە بۆی دەچێت پێویستە ئەم کارانە ئەنجامبدات:

١- نوێنەری دیپلۆماسی دەبـێ بـەووردی خـۆی ئامـادە بکـات، ئـــەویش لـــەڕێگای خوێندنـــەوەی هـــەموو جـــۆرە زانیـــاریی‌و ڕاپۆرت‌و بابەتێکی کە دەسـتیبکەوێت لەسـەر ئـەو وڵاتـەی کـە بۆی دەچێت، لەگەڵ ئەو بابەتە دوولایەنیانەی نێوان هەردوو وڵات‌و کێـــشەوگیروگرفتی نێوانیـــان. هـــەروەها دۆزینـــەوەی ڕێگاچـارەی گونجـاو بۆیـان‌و ئەنجامـدانی گفتوگـۆو وتووێـژی دۆستانە لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچێت.

٢- نوێنەری دیپلۆماسی دەبێ پەیوەنـدیی بکـات بەنوێنـەری (سەفیری) ئەو وڵاتـەی کـە بـۆی دەچـێت‌و سـەردانی بکـات بـۆ گۆڕینـەوەی بـیروڕاو ناسـینی یـەکتریی لـەپێناوی سـەرکەوتنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا.

٣- نوێنـەری دیپلۆماسـی دەبـێ پـێش سـەفەرکردن ئاگـاداری سەفارەتەکەی خۆی بکاتەوە لـەڕۆژو کـاتی سـەفەرو چـۆنیەتی

سەفەرەکەی کە ئایا بەفڕۆکەیە یان ئۆتۆمۆبێل یان کەشتی، هەروەها لەگەڵ راگەیاندنی کات و سەعاتی گەیشتنی، سەفارەتیش دەبێ لەڕێگای دائیرەی مەراسیمەوە پەیوەندیی بکات بەوەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی کە سەفیرەکەی بۆ دەچێت، هەروەها هەموو جۆرە پێویستییەکانی هاتن بەشێوەیەکی پرۆتۆکۆلی ئەنجامبدات.

٤- نوێنەری دیپلۆماسی دەبێت جلوبەرگی رەسمیی و جلوبەرگی ئیعتیادی لەگەڵ خۆی ببات، هەروەها دەبێ خۆی شارەزا بکات لەچۆنییەتی مەراسیمی پێشکەشکردنی ئەوراقی ئیعتیمادی خۆی بۆ سەرۆکی دەوڵەت، لەگەڵ ئامادەکردنی کورتە وتارێکیش بۆ خوێندنەوەی لەبەردەمی سەرۆك کۆمار یان سەرۆك دەوڵەت، ئەگەر هاتوو ئەوە باوبوو (عادەت)بوو لەو وڵاتەی کە لێی دەبێت بەنوێنەری دیپلۆماسی (سەفیر).

**گەیشتنی سەرۆکی نێردراوی دیپلۆماسی بۆ شوێنی کار( سەفیر ):**

لـەکاتی ئـەوەی کـە سـەفیر دەگاتـە ئـەو وڵاتـەی کـە کـاری لێـدەکات، پێـشوازیی دەکرێـت لەلایـەن نوێنـەری ئیـدارەی مەراسیم، لەگەڵ کۆمەڵێك لەئەندامانی سەفارەتەکەی خۆیـدا، دوای پێشوازیکردن دەچێت بـۆ شـوێنی پـشوودانی، پـاش ئـەوە سـەفارەتخانەکەی داوا دەکـات لەئیـدارەی مەراسـیمی ئـەو وڵاتەی کە سەفیرەکەی بۆ چووە لەپێناوی وەرگرتنی مەوعیـد لای وەزیری دەرەوەی ئـەو وڵاتـە، بەمەبەستی چاوپێکەوتن و پێشکەشکردنی نووسخەیەك لەئەوراقی ئیعتیمادو نووسخەیەکیش لەئەوراقی داواکردنی نوێنەرێکی ئەو دەوڵەتەی کە پێشوازیی لێدەکات و ناردنی نوێنەریان بۆ وڵاتەکەی خۆی. هەروەها نووسخەیەکیش لەوتارەکەی خۆی پێشکەش بەوەزیری دەرەوە دەکات کە بەنیازە لای سەرۆك کۆمار یان سەرۆك دەوڵەت بیخوێنێتەوە.

**مەراسیمی دەست بەکارکردن:**

١- سەفیر یان سەرۆکی نێردراوی دیپلۆماسی دەبێت دەست بەکاری خۆی نەکات تاکو ئەوراقی ئیعتیمادی خۆی پێشکەش نەکات، بەڵام هەندێ جار بەهۆی قەرەباڵەغیی و کەمیی کاتەوە رەنگە وەرگرتنی مەوعیدەکە لای سەرۆك وڵات دوا بکەوێت، بۆیە لەو حاڵەتانەدا سەفیر دەتوانێ دەست بەکارەکانی خۆی بکات، ئەگەرچی هێشتا چاوپێکەوتنیشی لەگەڵ سەرۆك وڵاتدا ئەنجامنەداوە.

٢- پێشکەشکردنی ئەوراقی ئیعتیمادو خوێندنەوەی وتار.

ئیدارەی مەراسیم ئاگاداری سەفارەت دەکاتەوە کە بۆ کاتی چاوپێکەوتن‌و پێشوازیی، هەر بۆ ئەو مەبەستەش پێش ئەوکاتە، کاتێکی تر رێکدەخرێت بۆ چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەو مەراسیمە.

٣- نوێنەری مەراسیم بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری مەراسیم لەکات‌وشوێنی دیاریکراودا ئامادەدەبن بۆ بردنی سەفیرو یەکێك لەیاریدەدەرکانی بۆ شوێنی پێشوازیکردن (کۆشکی

کۆماریی یاخود کۆشکی پاشایەتی) بەئۆتۆمۆبێلو چەند ماتۆڕسوارێك لەشوێنی پێشوازیشدا حەرەسشەرەف بەڕیز دەوەستن بۆ سلاوکردن لەسەفیر، لەو کاتوساتەشدا سەفیر دەبێت جلی رەسمیی لەبەردابێت، ئەگەر پێشتر داوای لێکرابێت، پاش وەرگرتنەوەی سلاو گەورەی حەرەسەکان یارمەتی سەفیر دەدات لەبردنی بەرەو لای هۆڵی پێشوازیی کە لەوێدا سەرۆك دەولەتو وەزیری دەرەوەو هەندێك لەلێپرسراوان چاوەڕێدەکەن بۆ پێشوازیکردن لەسەفیرەکە.

بەپێی دابونەریتی دیپلۆماسی لەکاتی کە سەفیر دەچێتە ژوورەوە بۆ لای سەرۆك کۆمار نابێ کەس لەسەفارەتەکەی خۆیدا لەگەڵیدابێت. ئینجا سەفیر ئەوراقی ئیعتیمادی خۆی پێشکەشدەکات لەگەڵ نامەیەك کە تیایدا باسی ناردنی بەرانبەرەکەی تێدایە بۆ وڵاتەکەی خۆی، هەروەها وتەیەکی کورتی موجامەلە پێشکەش دەکات، وا باشترە کە وتارەکە زۆر کورتبێتو باسی دۆستایەتیو برایەتی نێوان هەردوو وڵاتی تێدابێتو پێکهاتبێت لەڕستەی کورت کورت تاکو هیچ هەڵەیەك نەکات لەکاتی قسەکردندا، پاش ئەوە سەرۆکی وڵات

بەچـــەند رســـتەیەکی کـــورت وەڵامـــی گونجـــاوی ســـەفیرەکە دەداتەوە، پاشان سەفیر ئیزن لەسەرۆك کۆمار وەردەگرێـت بـۆ ناسـینی ئـەو نێردراوانـەی کـە لەگـەڵی نێـردراون، بـەوجۆرە مەراسیمەکە کۆتـایی پێـدێت، پاشـان بەهەمانـشێوە سـەفیرەکە دەبەنەوە بۆ شوێنی حەوانەوەی خـۆی کـە چـەند ئۆتۆمبێـلو ماتۆڕی لەگەڵدا دەبێت.

## بەشی یانزەیەم:

### سەرەتای کارکردنی نوێنەری دیپلۆماسی (سەفیر) بەشێوەی رەسمیی

دوای ئەوەی نوێنەری دیپلۆماسی ئەوراقی ئیعتیمادی خۆی پێشکەشی سەرۆکی ئەو وڵاتە دەکات کە کاری تێدا دەکات، ئیتر بەڕەسمیی دەست بەئەنجامدانی کارەکانی خۆی دەکات. لێپرسراوانی ئەو وڵاتەی کە نوێنەرە یان سەفیرە تازەکە کاری تێدادەکات، دەستدەکەن بەئاگادارکردنەوەی سەرۆکی نوێنەرە دیپلۆماسییەکانو سەرۆکی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانوUNو هەرچی رێکخراوی گرنگو سیاسی هەیە لەوڵاتەکەیاندا پێیدەڵێن کە فلانە نوێنەری دیپلۆماسی یان فلانە سەفیر ئەوراقی ئیعتیمادی خۆی پێشکەشکردووەو دەستی بەکارەکانی خۆیکردووە، ئەو هەنگاوەش لەپێناوی ناساندنی ئەو نوێنەرە یان ئەو سەفیرە تازەیەیە دەنرێت، بێگومان سەفیرەکەش یەکەم جار هەوڵدەدات بۆ خۆناساندن بەراگرەکانی سلکی دیپلۆماسی کە لەو پایتەختەدا کاردەکەنو

هەوڵدەدات لەگەڵ ئەوان پەیوەندی دۆستایەتی دروستبکات کە پلەی لێپرسراوێتیان هەمان پلەیە، پاشانیش هەوڵدەدات لەگەڵ لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەو کەسایەتی سیاسیو دیپلۆماسییەکانی تر پەیوەندیی دۆستانە دروستبکات، هەروەك هەوڵدەدات لەگەڵ سەرۆکی پارتو رێکخراوەکانی تر پەیوەندیی دروستبکات بۆ ئەوەی سودیان لێوەربگرێتو لێشیان شارەزابێت، بەڵام نابێ بەهیچ شێوەیەك تەداخول بکات لەکاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتەی کە کاری تێدا دەکات، هەروەها نابێ لەگەڵ هەندێ رێکخراو پەیوەندیی دروستبکات کە کاری ژێربەژێریی ئەنجامدەدەن، چونکە ئەوجۆرە پەیوەندییانە دەبنە مایەی سەریەشە دروستکردنو کۆسپ لەپێش پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا، واتە وڵاتەکەی خۆیو ئەو وڵاتەی کە تیایدا کاردەکات.

**راگری سلکی دیپلۆماسی Dean-Doye n:**

راگــری ســلکی دیپلۆماســی کەســایەتیەکی زۆر گرنگــە لەکۆمەڵگــەی دیپلۆماســیدا کــە ئــەویش کــۆنترین نوێنــەری دیپلۆماسییەو لەبەرزترین پلەی سـەفیردایە، لەهەنـدێ وڵاتـی کاتۆلیکییەکانـدا نوێنـەری (پاپـا) بـەکۆنترین نوێنـەر دادەنـێن لەوڵاتـەکانی خۆیـان لەبـەر شـوێنو مەکانـەتی کـاتۆلێکی کـە لەکۆنەوە رێـزی تایبـەتی خۆیـان هـەبووە، راگـری دیپلۆماسـی قسەکەرە بەناوی هاورێکانی بەڵام لەپێش قسەکردن پێویـستە بیرورای هەڤاڵـەکانی وەربگرێـت ئینجا قـسەبکات لەئاهـەنگو موناسەباتو بۆنەکاندا، هەروەها گرنگیی تایبەتی خۆی هەیـە هەرچــەندە دەســەڵاتەکانی ســنوردارن بــەڵام بەرپرســیــشە لەپارێزگاریکردن لەهەموو سەفیرو دیپلۆماتەکانی ترو دەبێـت ئاسایشی هەمووشیان بپارێزێت.

راگری دیپلۆماسی هەموو ئەوکارە تایبەتیو تەوجیهاتانـەی کـە دەسـەڵاتی رەسمـی لـەو وڵاتـەدا پێیـدەڵێن بەشـێوەیەکی نـارەسمیی دەربـارەی سـەفیرەکانی تـر، ئـەوا ئـەو هەڵدەسـتێت

بەهەموو سەفیرو دیپلۆماسییەکانی تری رادەگەیەنێت، بەڵام بەشێوەیەکی هێمنو دۆستانەو سەرزارەکیی.

راگری سلکی دیپلۆماسی بۆی نییە بێئاگاداری هەڤاڵەکانی خۆی شت بنووسێت یان وتار بخوێنێتەوە، ئەگەر پێشتر دەردەشەی لەگەڵیاندا نەکردبێت رەزامەندیان وەرنەگرتبێت. هەروەها سەفیر یان سەرۆکی نێردراوی دیپلۆماسی بۆی نییە لەکۆبوونەوەیەکی بەکۆمەڵ یان بابەتێکی سیاسی بەکۆمەڵ بەشداریی بکات بێئەوەی رەزامەندیی حکومەتەکەی خۆی وەرگرتبێت با ئەو کۆبوونەوەیەش لەسەر پێشنیازی راگری سلکی دیپلۆماسی بووبێت، واتا وەرگرتنی رەزامەندیی لەحکومەتەکەی خۆی پێویستەو مەرجی بنەڕەتییە.

هاوسەری راگری سلکی دیپلۆماسی دەناسرێت بە(عمیدە)Doyenne واتە کارەکەی بریتییە لەناساندنی خێزانی سەفیرەکانی تر بەکۆشکی سەرۆکایەتی یان مەلەکیی‌و ئامۆژگاریی پێویستیشیان دەکات بەتایبەتی خێزانی سەفیرە تازەکان.

**سەرقافڵەیی لەنێوان سەفیرەکاندا :**

دەگێڕنەوە جارێکیان لەسەدەی چواردەهەم لەهۆڵەندە لەشاری لاهای عەرەبانەی سەفیری ئیسپانیاو سەفیری فەرەنسا لەشەقامێکی زۆر تەسکدا بەیەك گەیشتن‌و هیچیان نەیانتوانی بەهۆی تەسکیی شەقامەکە لەیەکتری تێپەڕبن، ئەویش لەبەرخۆ بەزلزانین‌و گەورەیی هەردوو سەفیرەکە هیچیان بۆ ئەوی تریان رێگەی نەکردوو نەکشایەوە دواوە، کەسیان رازینەبوون لەسەرئەوەی کە رێگەکە بۆ یەکتریی چۆڵبکەن یان یەکێکیان رێگای ئەویتر بکات بۆ ئەوەی تێپەڕبێت، چونکە ئەوکاتە ئەوە بەمانای تەنازولکردن دەهات، گوایە ئەگەر یەکێکیان بۆ ئەوی تریان رێگای بکردایەتەوە ئەوا لەکەسایەتی شاکەی یان سەرۆکەکەی کەمدەبۆوە، بۆیە هەردووکیان تەنازولیان بۆ یەکتریی نەکرد، پاش گفتوگۆو قسەکردنێکی زۆر توند گەیشتنە بڕیاری ئەوەی کە لادیوارێکی شەقامەکە بڕوخێنن بۆ ئەوەی هەردوو عارەبانەکە لەیەك کاتدا تێپەڕبن، بەوجۆرە ئەو کێشەیەیان چارەسەرکرد. لەو سەردەمەدا کێشەی لەو بابەتە زۆر دووبارە

دەبــۆوە، چــونکە هــیچ یاســاو ڕێــسایەك نــەبوو لــەنێوانی سـەفیرەکانو پێیانبلـێ کـە فلانـە سـەفیر سـەرقافڵەیەو مـافی ئەوەی هەیە پێش ئەوی تر بکەوێت.

لەســـاڵی ١٨١٥دا کۆنگرەیـــەك لـــەڤێننا بەســـترا بـــۆ چارەسـەرکردنی ئـەوجۆرە کێـشانەو دۆزینـەوەی ڕێگەچـارەی گونجاو بۆیان، لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا کە کێ پێش ئەوی تـر هاتۆتــە ولاتەکــە ئــەو پــێش بکــەوێتو ســەرقافڵە بێــت لەڕۆیــشتنو کارەکانــدا، دوای ئــەوە لەڕێکەوتنامــەی ڤێننــای ساڵی ١٩٦١ گەشە بەو هەنگاوە دراو بڕیـاردرا کـە کـێ کۆنـترینـە بەپێی مێژوو لەسەفیرەکانو هـەروەها بـەپێی کـاتی گەیـشتنی سەفیرەکان بۆ ئەو ولاتانەی کـە کـاری لێدەکـەن، بـەو پێیـەش ســـەفیر لەگـــەڵ ســـەفیر یـــان کـــار هەڵـــسوڕێنەر لەگـــەڵ کارهەڵــسوڕێنەر حــسابیان لەگــەڵ دەکــرا، بــەلام ئــەوەش بــەئیعتیمادکردن بــوو لەســەرئەوەی کامیــان پێــشی کامیــان ئــەوراقی ئیعتیمــادی خــۆی پێــشکەشکردووە، ئــەو نەریتــە هــەموو کەســێك پــەیڕەویی لێــدەکرد تــەنها نوێنــەری (پاپا)نەبێت، چونکە هـەرکاتێك سـەفیری (پاپـا)بگەیـشتایەتە

هەر وڵاتێك ئەوا ئەو بەكۆنترین سەفیردەژمێردرا، بەتایبەتی لەوڵاتە كاتۆلیكییەكاندا، چونكە بەنوێنەری ( پاپا)یان دەوت (نێردراوی پێغەمبەر).

## سەرقافڵەی نێردراوی سەرۆکەکانی قونسولییەت:

سـەرۆکەکانی نێـردراوی قونـسوولییەت بـۆ چـوار پلـە دابەشدەکرێت:

١-قونسولی گشتی.

٢-قونسول.

٣-جێگری قونسول.

٤-وەکیلی قونسول.

پلـەی سـەرقافلەی سـەرۆکی قونـسولەکان ئیعتیمـاد دەکاتـە سـەر مێـژووی وەرگـرتنی بڕیـاری قونـسولییەت لـەوەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکـەی خـۆی، بـەڵام جێگرەکـان ریزبەنـدی پلـەکانیان بـەگوێرەی ئەوکاتـەوە دەبێـت کـە دەبنـە جێگـری سـەرۆکی نێـردراو یـان جێگـری نێـردراوی قونـسولی پـاش ئەوانیش بەپلەی ئەندامە فەخرییەکان دێت.

## بەشی دوانزەیەم:

### ئەندامانی نێردراوی دیپلۆماسی

**نێردراوی دیپلۆماسی لەمانەی خوارەوە پێکدێت:**

١- سەرۆکی نێردراو یان سەفیر، ماوەی کارکردنی لەهەر دەورەیەك چوارساڵ دەبێتو هەندێ وڵاتیش هەن سستەمیان جیاوازە لەیەکتری.

٢- دەستەی دیپلۆماسی کە ئەوانیش بریتین لەئەندامانی دیپلۆماتی سەرەکیی پلەکانیشیان بەمجۆرەی خوارەوەیە:

وەزیری مفەوەز- راوێژکار- سکرتێری یەکەم-سکرتێری دووەم- سکرتێری سێیەم- مولحەق.

٣- ئەندامانی مەکتەبەکانی هونەریی (فەنی).

ئەوانە لەپلە بەرزەکانن پاسپۆرتی دیپلۆماسیش هەڵدەگرن، لەسیفاتو پلەکانیشیان دیپلۆماتن کە بریتین لەمانەی خوارەوە : (وەزیری مفەوەز، سکرتێری یەکەم، سکرتێری دووەم، سکرتێری سێیەم)، کۆنترین کەس لەدوای سەفیر حسابی دیپلۆماتی بۆ دەکرێتو دەتوانێ لەکاتی غیابی

سـەفیر وەکـو کـار هەڵسورێنەر کاربکـات بەمـەرجێك لەیـەك لـەبیرۆ فەنییەکانـدا کاربکـات. سـکرتێری یەکـەم لەهەنـدێ وڵاتدا (٣) ساڵ دەمینێتەوە لەهەنـدێ وڵاتـدا (٤) سـاڵ بـەپێی رێنمایی وڵاتەکەی خۆی، ئینجا دوایـی دەبـێ بڕواتـە وڵاتێکـی تـر پـاش تـەوواوبوونی دەورەکـەی خـۆی، سـکرتێری یەکـەمو دووەمو سـێیەم پەیوەنـدییان هەیـە بـەجێگری سـەفیر کـە پێیدەڵێن دپیوتی هێد ئۆف میشن.

**مەکتەبە فەنییەکان:**

مەکتـەبی بازرگـانیی، مەکتـەبی پارێزگـاریی نیـشتیمانیی، مەکتـــەبی راگەیانـــدن، مەکتـــەبی رۆشـــنبیریی، مەکتـــەبی کرێکاران، مەکتەبی پزیشکی، مەکتەبی گەشتوگوزار.

ئـەم مەکتەبانـە زۆرجـار کێـشەو گیروگرفتیـان دەبێـت لەناوخۆیانـــدا لەســـەرئەوەی کامیـــان لـــەکامیان گـــرنگترە بەتایبـەتی کـە سـەفارەت شـتێك دەربارەیـان بنووسـێت بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی ئـەو وڵاتـەی کـە کـاری تێـدا دەکـەنو هەریەکـە دەیـەوێت نـاوی مەکتەبەکـەی خـۆی پێـشبکەوێتو

ناوەکـــەی لەپێـــشەوە بنووســـرێت، بۆیـــە دەبێـــت لـــەکاتی پێـشکەشکردنیان بـۆ وەزارەتـی دەرەوە رەچـاوی گرنگیـی ئـەو مەکتەبانـــە بکرێـــتو بـــەو شـــێوەیە پێـــشکەشبکرێن، ئـــەو کێـشانەی کـە دێنـە پێـشەوە ئەوەیـە کـە سـەرۆکی مەکتـەبی پارێزگـاریی نیـشیمانیی دەبـێ بەپلـەی لیوابێـت. هـەروەها سەرۆکی مەکتەبەکانی تریش پلەکانیان دەبێ لەپلەی وەکیلی وەزارەتدابن یاخود لەپلەی دووەمی دیپلۆماتدابن.

٤- دەستەی ئیدارە

ئەمانـەش کاروبـاری ئیـدارەو دارایـی سـەفارەتەکە لـەبیرۆی فەنییـــدا بـــەڕێوە دەبـــەنو پاسپۆرتەکانیـــشیان پاســـپۆرتی دیپلۆماســـییەو خۆشـــیان دیپلۆمـــاتن بەپلـــەی ئەمینـــدارێتی مـــەحفوزاتی ئیـــداریی یـــاخود ئەمینـــدارێتی مـــەحفوزاتی رۆشنبیریی کاردەکەن.

٥- دەستەی یاریدەدەری کاروبار

ئەوانە پاسپۆرتی سەفەری ئاسـاییان پێیـەو تـەنها لەشـوێنی کارکردنیان دەنووسرێت یاریدەدەری کاروبار لەسەفارەتدا.

**دیارنەبوونی ( غیاب ) سەرۆكی نێردراوی دیپلۆماسی:**

ئەگـــەر ســـەفیر یـــان ســـەرۆكی نێـــردراوی دیپلۆماســـی بۆماوەیەك لەكارەكەی دووركەوتەوە بـەهۆی وەرگـرتنی پـشوو یان بانگكردنەوەی بۆ وڵاتەكەی خۆی بۆ ئیش‌وكـارو پرسـیارو وەڵام یـان بـەهۆی نەخۆشـییەوە یـان شـوێنەكەی بەچـۆڵی مایەوە بەهۆی گوازتنەوەی یان وازهێنـانی لەئیـشەكەی خـۆی یان لادانی یان سەفەركردنی بۆ شێونێك ئـەوا لـەو حاڵەتانـەدا لـــەجیاتی ئـــەو بـــۆ ماوەیـــەكی كـــاتیی یـــەكێك وەكـــو كارهەڵسوڕێنەر هەڵدەستێت بەئەنجامـدانی كارەكـانی سـەفیر تاكو سەفیرەكە دەگەڕێتـەوە شـوێنەكەی خـۆی یـان سـەفیرێكی تـر دادەمـەزرێنن، ئەگـەر هـاتوو ئـەو كارهەڵسوڕێنەرە (قـائم بالأعمـال)ە نـەیتوانی كارەكـانی سـەفیر جێبـەجێبكاتو هـەڵی سـوڕێنێتو ئیـدارەیان بـدات ئـەوا لـەو حاڵەتـەدا ناتوانێـت كارهەڵسوڕێنەرێكی تـر لەشـوێنی خـۆی دابمـەزرێنێ، چـونكە لەدەسەڵاتی ئەودانییە كـە ئـەو كـارە ئەنجامبـدات، بـەڵكو ئـەو كارە تەنها لەدەسەڵاتی وەزارەتی دەرەوەدایە ئەنجامی بدات.

## بەشی سیانزەیەم:

# کۆتـایی پێهێنـان یان کۆتـاییهـاتنی کارەکانی سەرۆکی نێردراوی دیپلۆماسی ( سەفیر )و گەڕانەوەی

**کوتایی پێهێنان لەکار یان کۆتاییهاتنی کار رەنگە لەبەر یەکێ لەو هۆیانەی خوارەوە رووبدات:**

١- گۆڕینی پلەی نوێنەری دیپلۆماسی یان بەرەو سەرەوە یان بەرەو نزمبوونەوە.

٢- دەست لەکارکێشانەوەی یان خانەنشینکردنی یان مردنی یان گواستنەوەی بۆ شوێنێکی تر یان فەسڵکردنی یەکجاریی.

٣- کۆتاییهاتنی ئەوکارەی کە بۆی رەوانەکرابوو.

٤- نارەحـەتبوونی ئـەو وڵاتـەی کـە لێـی کاردەکـات، ئەگـەر هـاتوو لەسـەرۆکی نێردراوەکـە نامورتـاحبوون ئـەوا پێویـست ناکات وڵاتەکەی خۆی بەهانەی بۆ بهێنێتەوە.

٥- دەبـێ هـۆی لادانـی لەسـەر یـەکێك لـەم شـتانەبێت وەکـو ئیـستیغلالکردنی ئیمتیـازاتو حەسـانەی دیپلۆماسـی بـۆ

مەبەستی خۆیو بەکارهێنانی بۆ شتی تایبەتیو هەروەها بازرگانیکردنی شتی نایاسایییو دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ کەسانی بەدڕەوەشت یان هێرشکردن بەقسە بۆ سەر ئەو وڵاتەی کە کاری تێدا دەکات یان تەداخولکردن لەئیشوکاری ناوخۆیدا.

٦- دەست لەکارکێشانەوە یان مردنی سەرۆك وڵاتەکەی بەگوێرەی دەستووری وڵاتەکەی خۆی یان گۆڕینی سستەمی حوکم لەوڵاتەکەی خۆی یان هەڵگیرساندنی شەڕ لەنێوانی دوو وڵاتەکە یاخود یەك بەیەك وەکو دەرکردنی سەفیر لەوڵاتێك بەهەمان جۆرو وڵاتەکەی تریش سەفیرەکەی تر دەربکات.

٧- سەرۆکی نێردراو کۆتایی بەکارەکەی دێت ئەگەرهاتوو دوو وڵات یەکیان گرت، ئەو یەکگرتنەش وا دەکات کە وڵاتەکە کەسایەتی دەوڵەتی خۆی لەدەستبداتو دروستبوونی کەسایەتییەکی دەوڵەتی تازە وەکو ئەوەی کە لەکاتی یەکبوونەوەی میسرو سوریا لەساڵی ١٩٥٨دا روویدا کە لەو کاتەدا هەموو نێردراوە دیپلۆماسییەکانی هەردوو دەوڵەت

کۆتاییان پێهات تاکو نێردراوی تازە لەشوێنی ئەوان دادەنرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی وڵاتە تازەکە.

٨- کۆتـایی پێهێنـانی سـەرۆکی نێـردراو لەئـەنجامی بـڕینی پەیوەندیی دیپلۆماسی نێوان دوو وڵاتدا دەبێتو دیاریکردنی ماوەیەکی کورت بۆ ئەوەی وڵاتەکان بەجێیبهێڵن.

٩- لـەکاتی بـڕینی پەیوەنـدیی دیپلۆماسـی نێـوان دوو وڵات زۆر بەکەمیی ئەو پەیوەندییانە بەتەواویی دەپچرێن، چونکە دەبێـت شـتێك لەنێوانـدا هـەر بمێنێتـەوەو زۆرجـار دەبێـت وڵاتێکی سێیەم دەکەوێتە نێوانەوەو لەڕێگەی وڵاتی سـێیەمدا پەیوەندییەکی دیپلۆماسی ناڕاستەوخۆ هەردەمینێتـەوە، واتـە دەوڵەتی سـێیەم نوێنەرایـەتی بەرژەوەنـدیی هـەردوو دەوڵـەت دەکات، لەکاتێکدا لەنێوانی دوو دەوڵەتدا شەڕ روو دەدات ئـەوا لەو حاڵەتەدا دەوڵەتەکان تەنها سەرۆکی نێردراوەکانی خۆیـان دەکـشێننەوەو هـەموو لێپرسـراوو فەرمانبـەرەکانی تـر لەهـەردوو سـەفارەتدا دەمێننـەوەو کارەکـانی خۆیـان ئەنجامـدەدەن، ئـەوەش بەرێکـەوتنی هـەردوو وڵات ئەنجامدەدرێت، هەروەها پارێزگاری هەموو مافو حەسانەی

دیپلۆماسـی خۆیـان دەکـەنو لـەژێر ناونیـشانی پاراسـتنی بەرژوەندییـەکان کاردەکـەنو ئـاڵای وڵاتـی سـێیەم کـە لەنێونیادایـە ئـەو ئاڵایـە لەسـەر سـەفارەتەکانیان هەڵدەکەنو ئاڵای خۆیان هەڵدەگرنو بۆیـان نییـە ئاڵاکـەیان بەرزبکەنـەوە لەسەر شوێنی کارەکانیان، هەموو پەیوەندییەکانیشیان لەگـەڵ ئـەو وڵاتـەدا کـە شـەڕیان لەگـەڵی هەیـە لەڕێگـەی وڵاتـی سێیەمەوە دەبێت.

## ئاهەنگی خواحافیزیکردن:

دوای ئەوەی کە سەرۆکی نێردراو (سەفیر) ماوەی کارەکەی تەواودەبێت ئەوا سەفارەتەکە هەڵدەستێت بەئاگادارکردنەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی کە کاری تێدا دەکەنو ئاگاداری راگری سلکی دیپلۆماسی دەکەنەوە لەگەڵ هەموو برادەرەکانیشی، پاشان سەفیر هەڵدەستێت بەسەردانکردن بەمەبەستی خواحافیزیکردن لەوەزیری دەرەوەو گەورەو لێپرسراوانی ئەو وڵاتەو هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەبووە، زۆرجار وایە ئاهەنگ دەگێڕن بۆئەوەی بتوانێت خواحافیزیی لەهەموو لایەك بکات، جاران دیارییان دەدا بەسەفیر لەکاتی تەواوبوونی لەکارەکەیداو لەئاهەنگی خواحافیزیدا، بەڵام ئێستا زۆربەی وڵاتان ئەمەیان لاداوەو کاتی رۆیشتنی نوێنەری دیپلۆماسی دیاریی پێنابەخشن، بەڵکو تەنها هەندێك لەوڵاتان بەوە هەڵدەستن کە مەدالیایەك دەبەخشن بەنوێنەری دیپلۆماسییەکە، ئەوەش بۆ تەقدیرکردنو ماندووبونی ئەو نوێنەرەیە، ئەمەش

لەحاڵەتێکدا دەبێت کە ئەگەر یاسای ئەو دوو وڵاتە کۆسپ نەبێت لەبەردەم ئەو کارەدا.

## بابەتی دووەم:

### دیپلۆماسیی کوردی

ئـەو نووسـینەی خـوارەوەم کـاتی خـۆی لـەژێر ناونیـشانی دیپلۆماسیی کوردی بەسێ بەشی جیاجیا لەکوردسـتانی نوێـدا بڵاوکردەوە. لەبەر گرنگیـی بابەتەکە وا جارێکی تـریش لـەو کتێبـەدا چـاپی دەکەمـەوە، کوردسـتانی نـوێ، ژمـارە ٣١٣٧، لاپەڕە ٩ رۆژی ٦/٨/٢٠٠٣.

### دیپلۆماسیی کوردی:

ئێمـەی کـورد لەبەرئـەوەی پێـشتر خـاوەنی حکومـەتو ئیـدارەی خۆمـان نـەبووین، هێـشتا لـەزۆر بـواردا پێوویـستمان بەشـارەزاییو فێربـوون هەیـە، خۆشـحاڵم ئـەمڕۆ کـە لەکوردسـتاندا رۆژنامـەو گۆڤارەکـان تاڕادەیـەکی بـاش دەوری خۆیـان دەردەخـەن، رادیـۆو تەلەفزیۆنـەکان بەبـەردەوامیی بەرنامەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوەو پێشکەشدەکەن، تەنانـەت رۆژبـەڕۆژیش باشـتر دەبـنو هـەنگاو بـۆ پێـشەوە دەنـێن،

بــەجۆرێك بابــەتو جــۆری نووســینەکانیش گەشــەی زۆری کــردووە، بێگومــانیش هێــشتا گرنگیــیو بایــەخی دامودەزگــا حکومیو لێپرسـراوەکانی زیـاتر گەرەکـە، بەتایبـەتی ئەگـەر بمانـــەوێت نموونەیـــەکی بـــاش پێـــشکەش بـــەدنیای پێـشکەوتنخوازیی بکـەین، ئێمــە ئــەزموونێکی دیمــوکراتیی ئەوتۆمان نەبووە، ئەوەی هەیە قۆناغێکی تازەیە، پێشتر لەناو رژێمێکـی دیکتـاتۆریی شـۆڤێنیی نادیموکراسـی موتەسـەلیتو فەردییــدا ژیــاوین، کوردەکــانی تورکیــا هەنــدێکجار نیمــچە دیموکراتییەکیان بەخۆیانەوە بینیووە ئەویش بەهۆی شێوەی سـستمی ولاتەکەیانـەوە. حیزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتانیش بەشــی زۆریــان کاریگــەربوون لــەڕوی ئایــدۆلۆژیاوە، لــەڕووی هەیکەلی رێکخـستنی رێکخراوەییـەوە بەپارتـە کۆمۆنیـستەکان یان بەحیزبە نەتەوە پەرستەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، واتـا ئــەوانیش نموونەیــەکی دیمــوکراتیی ئــەوتۆ نــەبوون، ئێمــە هەموومان لەسەرەتای قۆناغی پرۆسەی فێربوونی فەرهـەنگی سیاســیی دیمــوکراتین، ئــەوەش ماوەیــەکی زۆری دەوێــت، کۆمەلگــەی دیمــوکراتی تــەواو بەشــەورۆژێك دروســتنابێت،

ديموكراسی پرۆسەيەكی درێژخايەنی بێكۆتاييەو رۆژبەرۆژيش شتی تازەو نوێ دێتە ناوەوە، كۆمەڵگەش بەپێی گەشەكردنی تەكنەلۆژياو جيهانگيريیو پێشكەوتنی زانستو زانياريی هاوشانی ئەوان بۆ پێشەوە گەشەدەكات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی كە گەلی كورد لەو چەند ساڵەی دواييدا بەدەستيهێناوە شتێكی يەكجار گەورەيەو دڵخۆشكەرو نموونەيەكی نايابە لەناوچەكەی خۆماندا، ئەم پرۆسەيە كاتێكی زۆری دەوێت، لێرەدا چەند راستييەكی گرنگ هەيە دەبێت بۆ چوونە ناو كاری سياسیو ديپلۆماسی ئاماژەيان پێبدەين.

**يەكەم:**

لەگەڵ رەوابوونی پرسوكێشەی سياسی كوردی لەگەڵ ئەوەی ئەو چەوساندنەوەيەی كە لەدژی كورد بەكارهاتووە بێسنوور بووە، بەدڕندەترين شێوە گەلی كورد لەلايەن رژێمە يەك لەدوای يەكەكانی عێراقەوە چەوسێنراوەتەوە، بەتايبەتيش لەلايەن رژێمی فاشيستی بەعسەوە، تەنانەت

بەبــەكارهێنانی چــەكی كیمیــایی‌و بایۆلۆجیــەوە، ئەمــە بــەرزترین لوتكــەی دڕندەیــەتی‌و فاشیــستییەتی ئــەو رژێمــە دەســەلمێنێت، بــەلام لەگــەلّ ئــەو هــەموو زولــم‌و زۆرەی كــە لەگەلی كوردیش كراوە، میللەتانی تریش هەبوون كە زولمیـان لێكراوە، واتە هەر تەنها كورد نـەبووە وەزعـی سیاسـی خـراپ بووبێت، بەلكو لەجیهانی ئەمڕۆماندا نزیكەی (٢٥٠٠) گـروپ‌و ئێتنیك هەیـە كـە لەناویانـدا (٥٠٠) گـروپ‌و تـاقمی نەتـەوەیی هەیـە لەئاسـتی جیهانـدا، واتـە هـەموو ئەوانـەی تـاكو ئـەمڕۆ ســەركەوتنیان بەدەســتهێناوەو بوونەتــە ئەنــدام لەنەتــەوە یــەكگرتووەكان‌و دەولــەتی خۆیـان پێكهێنـاوە، نزیكـەی (١٨٧) دەولـەت دەبـن، واتـە ژمارەیـەكی زۆر كـەم هەیـە سەربەسـتی‌و ئـازادیی خـۆی وەرگرتبێـت، واتـە كـورد تـەنها نییـە كـە تـاكو ئێستا مافی خـۆی بەتـەواویی وەرنـەگرتووە، دەبێـت ئـەوەمان لەبەرچاوبێت.

دووەم:

راستە پرسی کوردی لەجێگای خۆیەتیو دەبێت زیاتریش خۆمانی پێوەماندوو بکەین، بەڵام هەموو سیاسەتی جیهان، هەموو سیاسەتی نێونەتەوەیی لەدەوروبەری پرسی کوردی ناسوڕێتەوە بگرە پرسی کوردیش یەکێکە لەپرسەکانی تری جیهان، واتە ئێمە دەبێت خۆمان سەرکردەکانی کورد، سیاسییەکانی کورد، دیپلۆماتەکانی کورد، هەموو بەیەکەوە کێشەی سیاسی خۆمان هێشتا باشتر رونبکەینەوەو لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی سیاسەتی جیهانیدا بیگونجێنین، دەبێت داخوازییو داواکانمان لەگەڵ ئەو قۆناغەی خەباتدا بگونجێنین، دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کە کێشەی کورد، ئەمڕۆ یەکێك نییە لەکێشە هەرە سەرەکییەکانی جیهان، بەڵکو یەکێکە لەکێشە لاوەکییەکان، ئێستا وا خەریکە گرنگییەکی زیاتر لەجاران پەیدابکاتو لەو بارەیەوە هەنگاوێکی زۆر گەورەشی بۆ پێشەوە ناوە، بەڵام دەبێت لەبیرمان نەچێت کە ئێمەی کورد ئێستا وا خەریکە

بەتــەواویی بکەوینــە سەرســکە راســتەکەی شــەمەندەفەری کــوردیی، دەبێــت لێــرە بــەداوە کــورد هــەموو بەیەکــەوە هەوڵبــدەین بــەرەو پێــشەوە جوڵــە بکــەین. ئێمــە مەســەلەی خۆمــان زۆر بــەلاوە گرنگــە، ئەگــەر بیخەینــە نــاوەڕۆکی سیاسەتی جیهانیی و پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی، دەبینین ئێستا گرنگیی و قورساییەکی زۆرتری پەیداکردووە، ئێستا زۆریش لەسەر مەسەلەی کورد دەنووسرێت و نووسینەکانی کە ئەمڕۆ لەسەر پرسی کوردی دەنووسرێن زۆر زیاترن وەك بــۆ نموونــە لەســەر کێــشەکانی ئەمــەریکای لاتــین، ئەگــەر بــەراووردی بکــەین ئەمــە لەســاڵانی پــەنجاو شەســتەکان وا نەبووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا پرسی کوردی زۆر چووە پێــشەوە، لەوانــە خــەڵکێکی زۆری کــورد بۆتــە پەناهەنــدەو رۆڵیــان هــەبووە لەباســکردنی کێــشەی میللەتەکــەی خۆیــان، ژمارەی کورد لەدەرەوە زۆر زیادیکردووە، ئەمەش بۆتەهۆی دروســتکردنی لــۆبی کــوردی، ئــەو کوردانــەی لــەو وڵاتــە جۆراوجۆرانــە ژیــاون و دەژیــن، هەنــدێکیان قورســایی زۆری خۆیان خستۆتە ناو کاری سیاسیی ئەو وڵاتانەوە، ئەمەش

پرسی کوردی تاڕادەیەکی باش بردۆتە پێشەوەو چالاکیی سیاسیو کلتووریی باش ئەنجامدەدەنو ئەو کارانەیان بۆتەهۆی زیاتر ناساندنی پرسی کوردی لەدەرەوە، فاکتەرێکی تری مێژوویی گرنگ هەیە ئەویش بۆتەهۆیەك بۆ بردنەپێشەوەی پرسی کوردیی، دەبینین گەلانی ئەوروپا لەبەرهەندێك رووداوی مێژوویی کەمێك رقیان لەعەرەبو تورك هەیە، ئەویش بەهۆی رووداونی هەندێك شت، کاتی خۆی لەشەڕی سەلیبیدا بەتایبەتی کاتێ ئیسلام دەسەڵاتی زیاتربوو خەریکبوو هەموو ئەوروپا بخاتە ژێر دەسەڵاتو رکێفی خۆیەوە، دەوڵەتی عوسمانلی خەریکبوو سێیەکی هەموو ئەوروپا بگرێتو گەیشتە دەرگای ڤیەننا، ئەوە ئێستاش لەدڵو دەروونو هۆشو هزری ئەوروپییەکاندا ماوەتەوەو لەهەموو خوێندنگەکانی ئەوروپادا ئەو مێژووە دەخوێنرێت، بۆیە جۆرێك لەلوتفو سۆزی ئەوروپی لەسەر کورد هەیەو هەندێکجاریش کورد سوودی لەو سۆزو عاتیفەیە وەرگرتووە، واتە هەم ئەمەوییەکانو هەم عوسمانلییەکان کوردیان چەوساندۆتەوە، لەئەوروپا کۆمەڵێکی زۆر لەسیاسیو

نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتانە لەسەر کوردیان نووسیووەو لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا باسی کێشەی ڕەوای گەلی کوردیان کردووە، ئەو نووسینانەش کاریگەرییان هەبووەو کاری خۆیان کردووە لەبەرانبەر ئەوانەی کوردیان چەوساندۆتەوە.

دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵکانی دەرەوەو ئەوروپاییەکان ئومێدی گەورەتریان بەکورد پەیداکرد، کوردیش ئەزموونێکی باشی دەستپێکرد لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە ڕەنگە ئەوروپاییەکان بڕوایان نەدەکرد کە لەوڵاتانی موسڵمانی تر پرۆسەی دیموکراسییەت بێتەکایەوە، کورد توانیی پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنێتو ئەزموونی ئەمڕۆی کوردستانی عیراق دوای روخاندنی رژێم وا خەریکە ببێتە نموونەیەکی باش بۆ هەموو خەڵکی عیراق.

کوردستانی نوێ، ژمارە ٣١٣٨، لاپەڕە ٩ ڕۆژی ٢٠٠٣/٨/٧.

**دیپلۆماسیی کوردی:**

بەپێویستی دەزانم لەسەر(دیپلۆماسی یان دیپلۆماتیک) یان کاری دیپلۆماسیی کوردی هەڵوەستەیەك بکەم.

هەمووومان دەزانین کە دیپلۆماسی یان دیپلۆماتیك بەپێی تەعریفی فەرهەنگیی بریتییە لەڕاپەڕاندنی کاروباری نێودەوڵەتیی بەشێوەیەکی زۆر دیپلۆماسییانە، واتە لەبەئەنجامگەیاندنی کاروباری سیاسی، ئابووریی، بازرگانیی، کلتووریی‌و پەیوەندیی ئەمنی. ئەمانەش دەبێ زۆر ژیرو لێزانانەو بەڕێك‌وپێکی ئەنجامبدرێن، دیارە ئەم کارانەش لەلایەن سەفارەت یان مەکتەبی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نێوان دوو وڵات یان دوو میللەت نوێنەرایەتی دەکرێن‌و جێبەجێدەکرێن. لەو حاڵەتەی ئێستاشدا کە کوردی پێداتێپەڕدەبێت، ئەوا نوێنەرایەتییەکانی کورد لەهەریەك لەو وڵاتانەدا ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم کارانەیان پێسپێردراوەو دەبێ ژیرانە ئەم کارانە ئەنجامبدەن، چونکە کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە تاکو دامەزراوی لەبابەت سەفارەت لەهەریەك لەو وڵاتانە بۆ خۆی

دروسـتبكات، واتـه نەتـەوەی کـورد هەميـشه داگيرکـراوو دابەشـکراوبووەو خـاوەنی سـەروەريی شـەرعييەتو سـيادەی خۆی نـەبووەو لەدامـەزراوە رەسميـیو جيهانييـەکانيش وەکو قەوارەيـەکی سياسـی دانـی پێدانـەنراوە، واتـه شـەرعييەتی دەوڵەتی نـەبووەو ئەنـدام نـەبووە لەنەتـەوە يەکگرتووەکانـدا. بۆيه لەکاری ديپلۆماسيشدا وەکو پێويست نەبووە. نوێنەرێکی کـورد ناتوانـێ ئـەو کـارەی سـەفيری وڵاتێکـی دانپێـدانراو پێيکراوە بيکات، ئەو هەمان کاری بۆ بلوێتو جێبـەجێيبکات، چونکه ئەم نوێنەرە ماوەی کارکردنی سنووردارە، بەتايبـەتی لـەو وڵاتانـەی دەوروبـەر دەبـێ زۆرزۆر ديپلۆماسـييانەتر ئيشبکات. لەحساباتی خۆشيدا زۆر وردبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نييه کە کورد درکی بـەگرنگيی ديپلۆماسی نـەکردووە، دەوڵـەتان دوو جـۆرە شـەرعييەتيان هەيـە، يـەکێکيان شـەرعييەتی ناوەوەيـە ئـەوەی تـر شـەرعييەتی دەرەوەيـە، هەنـدێ دەوڵـەت شـەرعييەتی دەرەوەی مـاوە، بـەڵام شـەرعييەتی نـاوەوەی نـەماوە، بەپێـچەوانەوە کـورد شەرعييەتی دەرەوەی نييه، بەڵام شەرعييەتی نـاوەوەی خۆی

هەیە، باشترین بەڵگەش هەڵبژاردنی پەرلەمانو پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی خۆیبوو، کورد وەکو میللەتێکی زوڵملێکراو هەر لەکۆنەوە خەریکی کاری دیپلۆماسی بووە، ئەو لایەنەشی فەرامۆش نەکردووە، بۆ نموونە هەرلەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بایەخی بەکاری دیپلۆماسی داوە، لەوانەش ژەنەراڵ شەریف پاشا کە خۆی کورە وەزیربوو ماوەیەکیش سەفیری دەوڵەتی عوسمانلی بوو لەسویدو زۆر بەباشیش کاری دیپلۆماسی ئەنجامدەدا، تەنانەت لەکۆنگرەی ئاشتبوونەوەی پاریس زۆر هەوڵیدا بۆ چەسپاندنی مافەکانی کوردو دارشتنی چەند مادەیەکی گرنگ لەپەیمانێکی جیهانی واگرنگیشدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێزانینو تێگەیشتنی ئەوکاتەی خۆی، دیپلۆماسییەکی کارامەش بوو، هەر زووش هەستیکردبوو بەوەی کە دیپلۆماسی رێچکەیەکی گرنگە لەرێگەکانی تری خەباتو تێکۆشان بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسییەکان، لەسەردەمی شێخ مەحموودی حەفیدو هەروەها لەکاتی دروستبوونی کۆماری مەهابادیشدا دیپلۆماسیی کوردی بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدەدرا، رەنگە ئەوە بگەڕێتەوە بۆ

کورتی تەمەنی کۆمارەکە، شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٦١ کە بەرپابوو ئەوکاتە کورد وەکو میللەت زۆر بایەخی بەدیپلۆماسی دەداو هەوڵی زۆریدا بەجۆرەها شێوەی ئیشکردن بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بگەیەنێتە دنیای دەرەوەو دۆستو پشتیوان بۆ خۆی پەیدابکات، بەڵام ئەوکاتەش شێوەی کارکردنەکە وەکو دامەزراوی رەسمیی قاڵبی خۆی وەرنەگرتبوو، بەڵکو زیاتر لەسەر ئاستی کەس یان لەسەر ئاستی کۆمەڵەی خۆێندکاران بوو، بەڵام دیسان هەوڵێکی زۆردرا، چونکە دیپلۆماسیی کوردی پەیوەندیی راستەوخۆی هەبوو بەشێوەی ئیمکانیاتو هێزو توانای بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لەو سەردەمەدا، ئەوانەی ئەوکاتە ئیشیاندەکرد دکتۆر (کەمال فوئاد، دکتۆر وریا راواندووزی، د.کامەران بەدرخان، عیسمەت شەریف وانلی)و چەندین کەسایەتی ناسراوی سیاسی تر کە لەوکاتەدا زۆر خزمەتی دیپلۆماسیی کوردیان دەکرد، هەروەها ساڵی ١٩٦٣ وەفدێك بەسەرۆکایەتی بەڕێز (مام جەلال) چوو بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ میریی، ئەمەش قۆناغێکی تری

دیپلۆماسیی کوردی بوو، پاشان بۆ قاهیرەو سەردانی بۆ لای خوالێخۆشبوو (جەمال عەبدولناسر)و چوونی بۆ جەزائیرو مۆسکۆ، دوای بەیانی (١١/٣/١٩٧٠ تاکو ١١/٣/١٩٧٤)یش، ئەگەر حکومەت ئەوکاتە پاشگەز نەبوایەتەوە ئەوا دیسان دەسکەوتێکی گەورە بۆ کورد بەدەستهاتبوو، دوابەدوای ئەمە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەساڵی ١٩٧٦ هەرچەندە لەو سەردەمەدا کورد پچڕپچڕیی زۆری تێکەوت، بەڵام دیسان گرنگیی زۆریدا بەئیش‌وکاری دیپلۆماسی چ لەناوەوە یان لەدەرەوە.

لەناوەوە زۆرجار خەریکی گفتوگۆ بوو لەگەڵ میریی، لەدەرەوەش هەمیشە خەریکی پەیداکردنی دۆستو پشتیوان بوو بۆ جووڵانەوەکەی، بەڵام دیسان دەتوانین بڵێین ئەوکاتیش دیپلۆماسیی کوردی قاڵبی دامەزراوی رەسمیی بەخۆیەوە نەگرتبوو، چونکە کورد لەشۆڕشدابوو لەناوەندی نێودەوڵەتیدا دانی پێدا نەنرابوو، نوێنەرەکانی هەل‌وبواری ئیشکردنیان بەتەواوی بۆ نەڕەخسابوو، مەسەلەی کورد وەکوو ئەمڕۆکە نەببووە مەسەلەیەکی سیاسی گرنگ بۆ

ولاَتانی خاوەن بڕیار، بەرژەوەندی سیاسی‌وجوگرافیی کورد وەکو ئەمڕۆ لەگەڵ بەرژەوەندیی دەوڵەتان یەکی نەگرتبۆوە، ئەمانە هەمووی بەڵگەن بۆ دیپلۆماسیی کوردی کە وەکو پێویست گەشەی نەکردبوو یان لەئاستی تموحی ئەو سەردەمەی کورددا نەبوو، بەڵام ئەمڕۆکە دیپلۆماسیی کوردی زۆرزۆر چۆتە پێش‌و جاران بەچەندین هەوڵ‌و ماندووبوون سەفیری ولاَتێك ئامادەنەبوو نوێنەرێکی کورد ببینێت، بەڵام ئێستاکە سەفیرەکان بەکۆمەڵ‌و بەڕەسمیی سەرکردایەتی کورد دەبینن‌و بانگهێشتیان دەکەن، نەك هەر ئەوەش تەنانەت سەردانی نوێنەرایەتییەکانی کوردیش دەکەن، ئەمە مانای وایە مەسەلەی سیاسی کورد چۆتە پێشەوەو کورد توانیویەتی تەرحی کێشەی سیاسی خۆی باشتر لەجاران بکاتو بەرژەوەندییەکانی خۆی چاکتر گرێبدات بە بەرژەوەندییەکانی ولاَتانی خاوەن بڕیارو خاڵی هاوبەشیان لەگەڵدا بدۆزیتەوە، ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین ئەمڕۆکە هێزە گەورەکانی وەکو ئەمەریکاو روسیاو ئەوروپاو هێزە ناوچەییەکان، ولاَتە عەرەبییەکان هەروەها ئێران‌و تورکیا

بایــەخێکی زۆر لــەڕووی دیبلۆماســییەتەوە بەگــەلی کــورد دەدەن، واتە بەناوچەی کوردستانی عیراق، بەڵام تاکو ئێستا شـتێکی نووسـراوی دۆکیـۆمێنتکراوی ئـەوتۆ نییـە کـە لـەم بوارەدا نووسرابێتو کورد وەکو سەرچاوە بتوانێ بـەکاریبێنێ بۆ کاری دیبلۆماسییەتی خۆی، دوای هەڵبـژاردنو پێکهێنـانی پەرلەمانو پاشانیش دامەزراندنی یەکەم کابینـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لەسـاڵی ١٩٩٢دا کـە گـەورەترین روداوی مێـژوویی گرنگبـوو لەوەتـەی کـورد هەیـە، دەتـوانین بڵـێین قۆناغێکی نوێبوو بۆ گەلی کورد. دوای ئەم رووداوە مێژووییە گرنگـە راسـتەوخۆ کـاری دیپلۆماسـی زۆر گـۆڕانی نـەوعیی بەخۆیـەوەبینی، ئـەویش بـەهاتنو سـەردانی دیپلۆماسـیو سیاسـییە گـەورەکانی ئـەمریکاو روسـیاو ئـەوروپاو وڵاتـانی دەوروبـەر بـۆ کوردسـتان. هـەروەها پێـشوازیکردنی سەرکردەکانی کوردی لەسەر هەموو ئاستێك لەلایـەن زۆربـەی وڵاتانـەوە. ژمارەیـەکی یـەکجار زۆر وەفـدی جۆراوجـۆریش سەردانی کوردستانیان کـردو ئێستاکەش ئـەم سـەردانانە هـەر بـەردەوامن. پـێش هەڵبـژاردن هـەمووومان دەزانـین قۆنـاغێکی

تربــوو، گــەلی كــورد لــەو ســەردەمەدا بەشــێوەیەكی گــشتی بــەرگری لەمانــەوەی وجــودو پارێزگــاریی لەخاكەكــەی خــۆی دەكــرد، تاكــە هێــزی ئەوســەردەمی گــەلی كــورد كــە لــەڕوی دیپلۆماســییەوە لەدەســتیدابوو بریتیبــوو لــەئێش‌و ئــازاری گەلەكەی خۆی، بەبەردەوامیش ئـەو ئـێش‌و ئـازارەی بـەدنیای دەرەوە رادەگەیانـــد. ئەوەنـــدە چەوســـاندنەوەو سیاســـەتی پاكتـــاوكردنی رەگـــەزیی‌و شـــێواندنی ســـیمای كـــوردەواریی لەلایــەن حكومەتــە یــەك لەدوایەكــەكانی عــێراق بــەهێزبوو بــەجۆرێك كــە ئــەمجۆرە سیاســەتە دڕندەیــە ببــووە چــەكێكی دیپلۆماسی گرنگ‌و بەهێز بۆ ریسواكردن‌و ناسینی سیاسەتی حكومــەتی مەركــەزیی، لەهەمانكاتیــشدا ببــووە چــەكێك بــۆ ناســاندنی زوڵــم‌و زۆردارییەكــەی رژێــم، كــە بەشــێوەیەكی زۆرسیــستەماتیك زوڵمــی لەگــەلی كــورد دەكــرد، بــۆ نموونــە ئەگــەر لێــدانی هەڵەبجــە نەبوایــە، ئــەنفال نەبوایــە، رەنگــە ئەوەندە دڕندایەتی حكومەتی مەركەزیی بـۆ جیهانی دەرەوە هێــشتا بەتــەواوی ئاشــكرانەبوایە، ئەگــەر كــۆڕەو نەبوایــە ویــــژدانی دنیــــای دەرەوەی بەرانبــــەر كــــورد نەجولاندبایــــە،

لەوانەیە هێشتا ئەمڕۆش بیریان لەدۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ پرسی کورد نەکردبایەتەوە، ئەمانە هەمووی بەڵگەی گرنگبوون بۆ ناسینی ناسنامەی کوردو دروستیو عەدالەتی مەسەلە ڕەواکەی، ئەم زوڵمو زۆردارییەی ڕژێم بوو ویژدانی دنیای هەژاندو وایکرد کوردیش لەڕووی سیاسیو دیپلۆماسییەوە سوودی لێوەربگرێ، دوای ئەم ڕووداوە تاڵە یەك لەدوایەکانە دیپلۆماسیی کوردی توانیی زۆر باشتر تەعبیر لەئێشوئازاری گەلەکەی خۆی بکات، چاکتر کێشەکەی بەدنیای دەرەوە بگەیەنێ بەوەی کە بەرنامەی ڕژێمی مەرکەزیی بریتیبوو لەپەیڕەوکردنی سیاسەتی ئبیادەکردنو تواندنەوەی گەلی کورد، ئەویش بەوێرانکردنی شارو شارۆچکەو دێهاتو کانیو کانیاوەکانیو گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی کوردی بەهۆی ڕاگوێزانی گەلی کورد لەشوێنی باوكو باپیرانیو پەیڕەوکردن لەسیاسەتی تەعریبو تەرحیلو تەبعیس، دوای ڕاپەڕین هەڵبژاردن ئەنجامدرا، پەرلەمان پێکهات، حکومەت دامەزرا، سوپای یەکگرتووی کوردستان لەنوێ پێکهات، سەرکردەو سیاسییەکانی کورد

جالییـەی کـورد لـەدەرەوە، ڕۆڵـی بەرچـاوی خۆیـان زیـاتربینی لەبەئەنجامگەیاندنی کاری دیپلۆماسیو پێناسەکردنی کێشەی ڕەوای کـورد بـەجۆرێك کـە لەگـەڵ بەرژەوەنـدییو بۆچـوونو لێکدانـــەوەی دنیـــای دەرەوەو ئـــەو ســـەردەمەدا بگونجێـــت. لەبەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا ئاماژەمان بـۆ ئـەو خاڵەکرد، دوای ئەمـە چـەندین بـیروڕای کـوردی لـەدەرەوە بەشـێوەیەکی نیمـچە ڕەسمیـی کرانـەوەو گەشـەیان پێـدرا، لەوانـە بـیروڕای واشنتۆن، لەندەن، بەرلین، فەرەنسا، پاشان چـەندین بـیروڕای تری کورد لەوڵاتانی تری ئەوروپاو هەنـدێ وڵاتـانی عـەرەبیو وڵاتـــانی هاوســـێ، بەشـــێوەیەکی زۆر چـــالاکانەتر لەپێـــشوو کارەکـانی خۆیـان ئەنجامـدا، ئەمـەش نیـشانەی ئـەوەبوو کـە کێشەی کورد لەڕووی سیاسی، ئـابووریی، دیپلۆماسـی لـەجاران زیـاتر چـۆتە پێـشەوەو خەریکە بەرژەوەندییـەکانی کـوردیش لەگـەڵ بەرژەوەندییـــەکانی وڵاتـــانی خـــاوەن هێـــز لەیـــەك نـزیکدەبێتـەوە، ئەمـــەش وایکـــرد کـــە ڕۆژبـــەڕۆژ وڵاتەکـــەی ئێمەش گـرنگتر بکەوێتـە بەرچـاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو شـــوێنێکی بـــەهێزتر بۆخـــۆی پەیـــدابکات، بەتایبـــەتی کـــە

کوردستـــان ناوچـــەیەکی دەوڵەمەنـــدە لـــەڕووی ئابوورییـــەوە، گرنگـــە لـــەڕووی جـــوگرافیی، بـــەپیتو بەرەکەتـــە لـــەڕووی کـــشتووکاڵیو شـــوێنێکی ســـتراتیجیو دیـــاریکراوی دەبێـــت لـــەداهاتوودا، خـــۆڕاگرییو چاونەترســـی گـــەلی کـــوردیش سـیفەتێکی گرنگـی تـرە کـە وای کـردووە سـەرنجی وڵاتـان بـۆ عەدالەتی کێشە ڕەواکەی ڕابکێشێت، ساڵەهایە سەرکردەکانیان کوشـــتین، لەســـێدارەیاندان، دیلیـــان کـــردن، میللەتەکـــەیان کیمیابـــارانکردین، ئـــەنفالیانکردین، سیاســـەتی تواندنـــەوەی کوردیان پەیڕەوکرد، ئەمانە هەمووی نـەیانتوانی کـورد لـەناو ببـــەنو لەســـەر ڕووی زەوی بیـــسڕنەوە، لەبەرامبـــەر ئـــەم سیاســـــەتە دڕندانەیەشـــــدا هاوشـــــان خـــــەباتو تێکۆشـــــانی پێشمەرگە خۆڕاگریی جەماوەری کوردستان چوستوچالاکیی دیپلۆماسـیی کـوردیش مـەرجی مانـەوەو بـەردەوامبوون بـوو لەسـەر خـەباتکردن، بەتایبـەتی دوای پەرلـەمانو حکومـەت، کردنـەوەی چـەندین دامـەزراوی نیمـچە ڕەسمیـی لـەدەرەوەی وڵات کـە هـەنگاوی زۆر چـاكو گرنگبـوون، بـەڵام ئەمانـە هـەمووی مانـای ئـەوە نییـە کـە وڵاتـان لـەداهاتوودا وەکـو

سـەفارەت هەڵس‌وکـەوت لەگـەڵ ئـەم دامەزراوانـەدا دەکـەن، چونکە دەوڵەتان ڕێگـا نـادەن نوێنـەرانی کـورد شـێوەی بـاڵوێز بەخۆیانـــەوە ببیـــنن‌و دامـــەزراوەکانیان وەکـــو ســـەفارەت هەڵس‌وکـەوتیان لەگەڵـدابکرێت، بۆیـە پێویـستە لـەداهاتوودا هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەگەڵ حیزبە هاوپەیمانەکانی تـر هەموو بەیەکەوە زیاتر گرنگیبـدەن بـەکاروباری دیپلۆماسـی‌و دنیـای دەرەوە، چـونکە ئـەمڕۆ ژمـارەی کـوردی دەرەوەش زۆر لـەجاران زیـاتر زیـادیکردووەو دەتوانرێـت لـەڕووی سیاسـی‌و ئابووریـشەوە زیاترسـوود لـەم کوردانـەش وەربگیرێـت‌و باشـتر ڕێکبخرێن‌و ئاراستەبکرێن بەشێوەیەك کە لەداهاتوودا بتـوانن لـوبی زۆربـاش بـۆ کـورد لـەم وڵاتانـەدا دروسـتبکەن، چـونکە ئەمانــە هــەم فێــری زمانــە ئەوروپییــەکان دەبــن هــەمیش دەنووسن‌و دەخوێنن‌و شارەزای یاساو ڕێسای ئەم وڵاتانە دەبـن بەتەواویی، ئێمە هەرچەنـدە لەناوەوە بەهێزبین بـەڵام ئەگـەر نـــەتوانین لـــەدەرەوە داواو داخوازییـــەکانمان بەشـــێوەیەکی گونجـاو پێـشکەش بەکۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتیی بکـەین ئـەوا هەرگیز لەکارەکانمان سـەرکەوتونابین، بـۆ بەئەنجامـدانی ئـەم

کارانــەش، کەسـایەتی سیاسـی کارامــەو شـارەزامان پێویـستەو دەبێت لەداهاتوودا هەوڵبدەین لەحکومەتی داهـاتووی عیراقـدا دیپلۆماتـــەکانی کـــورد زیـــاتر رۆڵـــی خۆیـــان ببیـــنن‌و نوێنەرایـــەتیکردنی دەوڵـــەتێك بـــە بـــەراورد لەگـــەڵ نوێنەرایـــەتیکردنی گـــەلێکی بێدەوڵـــەت زۆر لەیـــەکتری جیـاوازترە. سـەفیری وڵاتێـك دەبێـت کەسـێکی بـەتواناو لێوەشاوەبێت دیپلۆماتێکە کاری رۆتین‌و پرۆتۆکۆلی وڵاتەکەی خـــۆی بەئەنجامدەگەیـــەنێ. کـــاری سیاســـیش هەمیـــشە لەگۆڕاندایەو تیۆرەکـانی کـاری سیاسـەتی دەرەوەش لەگۆڕانـدا دەبێت، واتە بەوپێە شـێوەو کـاری دیپلۆمـات‌و دیپلۆماسـیەش لەگۆڕاندا دەبێت‌و بۆ پێـشەوە گەشـەدەکات، بۆیـە گـەلی کـورد ئەمرۆ گەیشتۆتە قۆناغێکی نێ، دەبێت بەپێی ئەو قۆناغـەش هــەنگاو بــۆ پێــشەوە بنێــت، هــەوڵی ئــەوەش بــدات توانــاو قورسـایی خـۆی بخاتـە گـەڕ بۆئـەوەی چـیتر بـەوە رازینـەبێت وەکو لەپێشان کە بـاووبوو، چـەند وەزیـرێکیـان بەگـەلی کـورد دەداو لەخوارەوەش لـەدام‌ودەزگاو وەزارەتەکانـدا خـەڵکانی تـر کـارە سـەرەکییەکانیان بـەڕێوەدەبرد، عیراقـی داهـاتوو دەبێـت

عیراقی گەلی کوردیش بێتو عیراقی هەموو گەلانی عیراقی بێت بێ جیاوازییو چەوساندنەوەی یەکتریی.

کوردستانی نوێ، ژمارە ٣١٤٠، لاپەڕە ٩ ڕۆژی٢٠٠٣/٨/١٠

**دیپلۆماسیی کوردی:**

دوای روخاندنی رژێمو رزگارکردنی عیراق شێوەی خەباتی سیاسیو دیپلۆماسیی کوردی پێدەنێتە قۆناغێکی یەکجار نوێوە، لێرەدا پێویستە لەسەر سەرکردایەتی کوردو لێپرسراوانو دیپلۆماتەکانی کورد، هەوڵی ئەوە بدەن کە لەدامەزراوو دروستکراوەکانی عیراقی داهاتوودا لەسەر هەمووجۆرە ئاستێكو لێپرسراوییەتێك بەشداریی فیعلیی بکەن بۆ ئەوەی لەبڕیاری سیاسی عیراقیدا بەشداریی بکەنو رۆڵو کاریگەرییان هەبێت، جاران کورد لەشوێنێك وەزیرێك یان سەفیرێکیان پێدەدا، ئەویش تەنها دەبووایە خەریکی رۆتینو راپەراندنی ئیشوکاری رۆژانەبێت. ئەوانەی خوارەوەی خۆشی کارە بنەڕەتییەکانیان لەژێر دەستدابوو، ئەمرۆ دنیا گۆڕاوەو کوردیش دەبێت خاوەنی بڕیاربێت

لەهـەموو وەزارەتـەکانی کـە دروسـتدەکرێت، بەتایبـەتییش وەزارەتـی دەرەوەو وەزارەتـە گرنگـەکانی تـرو دامـەزراوە دیپلۆماسییەکانی دەرەوە، واتە لەخواری خوارەوە تاکو دەگاتـە سـەری سـەرەوە، کـورد دەبێـت بەشـداری راسـتەوخۆبکات لەهـەموو شـوێنێكو جێگـە پەنجـەی دیاربێـتو جـارێکی تـر نەبێتەوە هاوڵاتیی پلە سێیەمو چوارەم، هاوپـەیمانان رۆژێکی رووناكو ئاسۆیەکی روونیان بۆ پرۆسەی دیموکراسیو خەڵکی عـێراق هێنایەکایـەوە. ئێمـەی کـورد سـاڵەهای سـاڵە خەباتدەکـەینو قوربـانی دەدەیـن، کەچـی نـەمانتوانی ئـەو رژێمـە دڕندەیـە لەناوبـەرین، راسـتی ئـەوەی هاوپـەیمانان بـەهاوکاریی گـەلی کوردمـان توانیـان ئـەو رژێمـە بگـۆڕنو لاببـەن، هـەروەها حیزبـی بەعـسی فاشیـست رەتبکرێتـەوەو سـوپای بـەناو عـێراق هەڵبوەشـێنرێتەوە، ئـەو سـوپایەی کـە دەیانجـار مـاڵی کـوردی وێرانکـردو سـوتاندو ئـەنفالکردو رایگـوێزا، هـەروەها تـوانرا تـەعریبو تـەبعیس لـەکۆڵ گـەلی کورد بکرێتەوەو ئێستاش خەڵکە گواستراوەکانو دەرکراوەکان سـەرقاڵی گەڕانـەوەن بـۆ شـوێنی بابوبـاپیرانی خۆیـان. گـەلی

کوردیش پێویسته بەردەوامبێت لەپشتیوانیکردنی سیاسەتی هاوپەیمانان لەعێراقداو هەوڵی ئەوە بدات ئەو دوو ئیدارەیەی کە ئێستا هەیە تێکەڵاو بکرێتەوەو سەرکردایەتیی کوردیش راستەوخۆ بەفیعلی بەشداریی تێدا بکاتو ئەو حکومەتو پەرلەمانەی ئێستا بۆ پێشەوە بباتو هەوڵی خۆئامادەکردن بدات بۆ هەڵبژاردنێکی تر لەسەرجەم کوردستانی عێراقدا، ئەمە دەبێتە مایەی رەزامەندییو پشتیوانیکردنی دۆستەکانیشمان بۆ گەلی کورد، بەتایبەتیش هاوپەیمانەکانمان، کورد ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستیی بەیەکدەنگییو یەك هەڵوێستی سیاسی هەیەو مەسەلەی فیدراڵیش بەشێوەیەکی چڕوپڕ وردبکرێتەوە کە کورد: کام شێوەی فیدراڵی لەعێراقدا داوا دەکات، ئایا فیدراڵی لەسەر شێوەی جوگرافی مێژوویی داوا دەکات یان فیدراڵی لەسەر بنەمای ئێتنیك داوا دەکاتو دەبێت هەر لەئێستاوە سەرکردایەتی سیاسیو دیپلۆماتەکانی کورد لەو بارەیەوە کۆكو رێکبن، ئەگینا لەداهاتوودا تووشی جۆرێك لەکێشەو گیروگرفت دەبینەوە، کورد ئەمڕۆ هەلی زۆر باشی

